گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpB 2024
ID No. 1412 (PP 279-302)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.14

توێژینەوە

# ڕەوشی خزمەتگوزاری لە بواری چاودێری نەوجەوانان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر.

**حمد خضر قادر/** بەشی کاری کۆمەڵایەتی، کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عیراق.

**عمر ئیبراهیم عەزیز/** بەشی دەروونزانی، کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عیراق.

## پوختە

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە؛ خستنەڕووی ڕەوشی خزمەتگوزاری لە بواری چاودێری نەوجەوانان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی شاری هەولێر،لە ڕوانگەی نەوجەوانان، مامۆستایان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونیی ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی، خستنەڕووی هەماهەنگی نێوان لایەنی فەرمی و نافەرمی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، میتۆدی تێکەڵ بەکارهاتوو ،ئەویش ڕوپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر و چاوپێکەوتن دەگرێتەخۆی. هەگبەی ئاماری (SPSS)بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکارهاتووە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر. ئەنجام: زۆربەی نەوجەوانان لە ڕەگەزی نێرن، ڕەگەزی مێ بەهۆی نەریتەوە کەمتر ڕەوانەی ناو چاکسازی ژنان و منداڵان دەکرێت؛ ڕەوشی خزمەتگوزاری لە بواری چاودێری نەوجەوانان دا لە دیدی نەوجەوانان، مامۆستایان، توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە لە ئاستێکی باشدایە، هەماهەنگی لایەنی فەرمی و نافەرمی زۆر باشە. ڕاسپاردە؛ ئاراستەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کراوە، بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان. پێشنیاز؛ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە بە مەرجێك گشتگیرتر بێت و زۆر لایەنی تری پەیوەست بە خزمەتگوزاری نەوجەوانان لەخۆبگرێت.

CORRESPONDENCE
**حمد خضر قادر**
hamad.qadir@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/07/17
پەسندکردن 2023/08/30
بڵاوکردنەوە 2024/08/15

**وشە سەرەکییەکان:**
نەوجەوان،
خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی،
چاکسازی نەوجەوانان.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

ئاستی گرنگیدان و دابینکردنی خزمەتگوزاری لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، ئەو کۆمەڵگایە تا چ ڕادەیەک پێشکەوتووە و بە ئاراستەی خزمەتکردنی مرۆڤایەتی هەنگاوی ناوە، بەتایبەتیش دابینکردنی خزمەتگوزاری نەوجەوانان. نەوجەوانان ئەو توێژە دیاریکراوەی کۆمەڵگان، زیاتر لە کەسانی ئاسایی پێویستیان بە خزمەتکردن و چاودێریکردن هەیە بە تایبەت ئەوانەی لەئەنجامی لادانی کۆمەڵایەتییەوە دەخرێنە ناو دامەزراوەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتییەوە، گیروگرفت و شێوازی ژیانیان تەواو جیاوازە وەک کەسێکی ئاسایی ناتوانێت پیادەی ژیانی ئاسایی خۆی بکات. وێڕای ئەوەی گرنگیدانێکی زۆر لەسەر ئاستی وڵاتە گەشەسەندووەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی، جاڕنامە جیهانییەکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، دەرفەتی زیاتری ڕەخساندووە بۆئەوەی خزمەتکردن و چاودێری نەوجەوانان ئاستێکی باشتر بەخۆیەوە ببینێت و بەرەو ئاراستەیەکی باشتر هەنگاو بنێت،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کات دابینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە ئاست ویست و داواکاری نەوجەوانان دا نییە، بۆیە لێرەدا گرنگە ڕۆڵی پیشەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەبواری چاودێریکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری نەوجەوانان چالاک بکرێت لە یارمەتیدانی ئەو نەوجەوانانەی دووچاری گرفت هاتوون و زیانیان پێگەیشتووە لە دەرەنجامی لادان یاخود بەکارهێنانی شێوازە جیاوازەکانی توندوتیژی بەرامبەریان ، هاوکات یارمەتیدانی نەوجەوانان لە ڕووی باشترکردنی بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتییان و هاندان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرفتانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕووبەڕویان دەبێتەوە. بۆیە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و چاودێریکردنی نەوجەوانان جگە لەوەی کە ئەرکێکی مرۆڤدۆستییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کار لەسەر گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکانی نەوجەوانان بکرێت، لەبەر ئەوەی قۆناغی نەوجەوانی قۆناغێکە کە گەشەی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی تێیدا ڕوودەدات، بۆیە زۆر گرنگە کە ئەم گۆڕانکارییانە بەرەو ڕێگایەکی دروست ئاراستە بکرێن بەئامانجی پێگەیاندنی تاکێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو لە هەمان کاتدا بەرپرسیار لە خودی خۆی و خێزان و کۆمەڵگاکەشی.

جێگای ئاماژە پێکردنە بواری خزمەتگوزاری نەوجەوانان بەتایبەت لە چوارچێوەی دامەزراوە چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکاندا فرە ڕەهەندە و زۆر لایەن دەگرێتە خۆی، بۆیە لەم توێژینەوەیدا هەوڵدراوە گرنگترین ئەو بوارانە دەستنیشان بکرێن و لەبارەیانەوە بدوێین کە پێویستە خزمەتگوزاری نەوجەوانانی تێدا فەراهەم بکرێت، بە تایبەتیش بوارەکانی(کۆمەڵایەتی، دەروونی، تەندروستی، پەروەردەیی و ئابوری) ی نەوجەوانان. ئەمەش لەڕوانگەی ئەوەی نەوجەوانان لە چوارچێوەی دامەزراوە جاکسازییەکان هەمان ئەو مافەیان هەیە وەک هەر کەسێکی تر لە کۆمەڵگادا هەیەتی، پاڵپشت بە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە بەندەکانی (1,3,5,9,10,26) دا تیایدا هاتووە؛ هەموو مرۆڤێک بە ئازادی لە دایک دەبێت و یەکسانە لە شکۆ و ماف دا،هەموو کەسێک مافی ژیان،سەربەخۆیی و پارێزراوی هەیە، ناگونجێت لە ژێر هیچ پاساوێکدا مرۆڤ ئەشکەنجەو سزا بدرێت، هەموو تاکێک مافی یاسایی خۆی هەیە بۆ بەرگریکردن لەخۆی هاوکات مافی خوێندن و پەروەردە دەبێت بۆ هەموو کەسێک بێت و بە خۆڕایی بێت(Assembly, U.G., 1948, pp.14-25.).

لە هەرێمی کوردستان هەوڵ و تێکوشانەکان بۆ دابینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ نەوجەوانان بە ئاراستەیەکی باش هەنگاویان ناوە، حکومەت و وەزارەتی پەیوەندیدار سەرەڕای هەبوونی قەیرانی دارایی لەماوەی ساڵانی ڕابردوو دا کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر ئەدای حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان،بەڵام هەوڵی جددی دراوە بۆ ئەوەی ئەمە نەبێتە بەربەستێک لە بەرامبەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ نەوجەوانان لە چوارچێوەی دامەزراوە چاکسازییەکان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت خزمەتگوزارییە تەندروستی و پەروەردەییەکان، ئەمەش بۆ تایبەتمەندێتی ئەو توێژە دەگەڕێتەوە تاوەکو کۆتایی هاتنی پرۆسەی چاکسازی دەبێت باشترین خزمەتگوزارییان پێشکەش بکرێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی شیاندنەوە، بەهەمان شێوە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانیش پیشەیەکە پاڵپشت بە و هونەر و بنەمایەکی زانستی لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵایەتییەوە جێبەجێ دەکرێت، هەوڵەکانی لەگەڵ نەوجەوانان بە ئامانجی بەگەڕخستنی وزە و تواناکانیان و گونجاندن لەگەڵ خۆیان و ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیاندا، هاوکات چارەسەرکردنی گرفتە کەسی و خێزانیەکانیان .لەم سۆنگەیەوە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە بە مەبەستی بەدەستهێنانی باشترین خزمەتگوزاریەکان یەکێکی ترە لەهەوڵەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی. سەرەڕای ئەو ڕۆڵە گرینگەی دەیگێڕێت لە کەمکردنەوەی تێڕوانینە نەرێنیەکان و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە سەبارەت بە تایبەتمەندێتی ئەو توێژە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

## 1. چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### 1.1 گرفتی توێژینەوە:

گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕەوشی خزمەتگوزاری لەبواری چاودێری نەوجەوانان، دەمانەوێت خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی، دەروونی، تەندروستی، پەروەردەیی و ئابوری لە بواری چاودێری نەوجەوانان لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین، بەهۆی ئەوەی ئەم توێژە بە بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگە دادەنرێت. ئەوەی ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردستانی ڕوودەدات لە زۆربەی کایەکانی ژیان دا و بەتایبەت لە بواری نەوجەوانان دەمانبات بەرەو ئەو ئاراستەیەی کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بکەین سەبارەت بە ڕەوشی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو توێژەی کۆمەڵگە. بە پێی خوێندنەوە و تێگەیشتنمان وە هەمر بەپێی ئەو واقیعەی بوونی هەیە سەبارەت بەو پرسە دەمانبات بەو ئاراستەیەی کە بە شێوەیەکی ورد و چڕ سەبارەت بەو پرسە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بکەین بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕاست و دروست پاڵپشت بە داتا و ڕێبازی زانستی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە..

### 1.2 گرنگی توێژینەوەکە:

ئەنجامدانی توێژینەوە لەبواری نەوجەوانان زۆر گرنگە لە تێگەیشتن و چارەسەرکردنی گیروگرفتە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە نەوجەوانان، لەمیانەی پرۆسەی چاکسازی و شیاندنەوە. ئامانجی لایەنی تیۆری پێشکەشکردنی گرنگترین لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەو بابەتە و کەڵکوەرگرتن و بەکارهێنانی یەکێک یان چەند تیۆرییەکی پەیوەست بە پرسەکەوە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردن و پشتگیریکردن و بەهێزکردنی توێژینەوەکە. لە کاتێکدا کاری پراکتیکی بریتییە لە دروستکردنی پرسیارنامە یان فۆڕمی ڕاپرسی، وەرگرتنی لەلایەن پسپۆڕانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، و پاشان بڵاوکردنەوەی بۆ ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.
هەروەها گرنگییەکی تری لایەنی کرداری ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی بابەتیانە و مەیدانی توێژینەوەکە ئەنجام بدات ئەمەش بەهۆی ئەوەی بابەتی نەوجەوانان پرس و بابەتێکی زیندووی ناو کۆمەڵگەیە و گرنگییەکی تایبەتی لەلایەن ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە پێدەدرێت. هاوکات ئاشنابوون دەربارەی ئەو چاودێری و گرنگیپێدانەی پێشکەشی نەوجەوانان دەکرێت لەناو دامەزراوەی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، مەبەستی دیاریکردنی گرفتی  نەوجەوانان بەئامانجی گەیشتن بە کۆمەڵێک داتا و زانیاری دروست دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گرفتەکان و باشترکردنی بارودۆخی نەوجەوانان، وە ئاشنابوون بە گرنگترین ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی نەوجەوانان دەکرێت هەروەها بەدیارخستنی ڕەوشی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەبواری چاودێری نەوجەوانان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر لە واقیعی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان دا ، گرنگترین گرفت و چارەسەرەکان دەستنیشان بکات بە ئامانجی پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری و چاودێری بۆ توێژی نەوجەوانان لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر دا.

### 1.3 ئامانجی توێژینەوەکە:

1. دەرخستنی ڕەوشی خزمەتگوزاری (پشکنین و پۆلێنکردن، کۆمەڵایەتی، دەروونی ، تەندروستی ، پەروەردەیی و فێرکاریەکان و ئابوری) لە بواری چاودێری نەوجەوانان دا بەپێی کاریگەری گۆڕاوەکانی: ڕەگەز، تەمەن، ئاستی بژێوی و خوێندەواری،لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، لە ناوەندی شاری هەولێردا.
2. دەرخستنی ڕەوشی خزمەتگوزاری (پشکنین و پۆلێنکردن، کۆمەڵایەتی، دەروونی ، تەندروستی ، پەروەردەیی و فێرکاریەکان و ئابوری ) لە بواری چاودێری نەوجەوانان دا لە ڕوانگەی نەوجەوانان، مامۆستایان، توێژەرانی  کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، لە ناوەندی شاری هەولێردا.
3. دەرخستنی ڕۆڵی دەزگا فەرمی و نافەرمییەکان و هەماهەنگییان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەبواری چاودێری نەوجەوانان،لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، لە ناوەندی شاری هەولێردا.

+

### 1.4 ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

#### 1.4.1 نەوجەوان:

کەسێکە لەخوار تەمەنی یاسایی دیاریکراو بێت کە بەپێی یاسا خوار تەمەنی(١٨) ساڵی دیاریکراوە بەڵام لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێک بەپێی یاسا وەک پێگەیشتوویەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و حوکم دەدرێت(Cook,1924,pp:14-17).نەوجەوان کەسێکە تەمەنێکی بچووکی هەیە و نەگەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتوویی، هاوکات گۆڕانکارییە فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەکان لەم قۆناغەدا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و دەست بە گەشەکردن دەکەن(Smith,1969,pp:91-93).بەپێی یاسای ژمارە(14) ی ساڵی (2001)یاسای دیاریکردنی تەمەنی جینائی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا لە ماددەی یەکەم خاڵی دووەم: نەوجەوان هەر کەسێک دەگرێتەوە کە تەمەنی 11 ساڵی تەواو کردووە و 18 ساڵی تەواو نەکردوە لە هەرێمی کوردستان .

کەواتە نەوجەوان کەسێکە گۆڕانکارییە جەستەیی و دەروونییەکانی لە گەشەکردن و گۆڕانکاریدان، زۆرجار ئەم گۆڕانکارییانە دەبنە پاڵنەر لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری نەوجەوان و ئاراستەکردنی بەرەو ڕێگایەکی هەڵە، لە ئاکامدا دووچاری لادان و تاوان دەبێت و دەخرێە ناو دامەزراوە چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان و بە پرۆسەی شیاندنەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەیدا دەڕوات و هەوڵ دەدرێت کە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێت لە میانەی پرۆسەی چاکسازیدا بۆ ئەوەی دوای بەسەربردنی ژیان لە ناو دامەزراوە چاکسازییەکان ببێتەوە کەسێکی ئاسایی و سوودبەخش.

مەبەست لە چەمکی نەوجەوان لەم توێژینەوەیەدا : کەسێکە لە تەمەنێکی یاسایی دیاریکراودا، لەکاتی ئەنجامدانی لادان یاخود کەتێک بەپێی یاسا بەرکارەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

#### 1.4.2 خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی

ئەو خزمەتگوزارییە کە لەلایەن حکومەت و دامەزراوەی تایبەتمەند پێشکەشی خەڵک و خێزانی کەمدەرامەت دەکرێت، ئامانج لە پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییە بۆ باشترکردنی ئاستی بژێوی تاک، خێزان و کۆمەڵگایە، ئەو خزمەتگوزارییە هەریەک لە چاودێری تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن، نیشتەجێبوون و ڕاهێنانی پیشەیی و چەندین خزمەتگوزاری تر دەگرێتە خۆی(Healy,2008,pp:735-748). ئەو خزمەتگوزاریانەیە پێشکەشی کەس و گروپی بێتوانا دەکرێت، هەریەک لە خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری، چارەسەری گرفت، خواردن و پارە پێدان، چاودێری منداڵ و دۆزینەوەی هەلی کار(Kivel,2007,pp:129-149)، ئەم خزمەتگوزارییانە لەلایەن کەسانی پیشەگەرەوە پێشکەش دەکرێن کە شارەزایی تەواویان هەیە لە شێوازی مامەڵەکردن و دڵخۆشکردنی ئەو کەسانەی خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش دەکەن، هاوکات خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی دەتوانرێت وەک سیستەمێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کە جەخت لەسەر دابینکردنی پێداویستی و خۆشگوزارانی تاک دەکاتەوە(Maschi et al,2008,pp:1376-1385).

کەواتە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کۆی ئەو خزمەتگوزارییانەیە کە پێشکەش بە تاک یاخود گروپەکانی کۆمەڵگە دەکرێت بەتایبەت ئەوانەی کە خۆیان توانای دابینکردنی ئەو پێداویستیانەیان نییە، دابینکردن و پراکتیزەکردنی ئەو پێداویستیانەش دەکەوێتە ئەستۆی هەردوو لایەنی فەرمی و نافەرمییەوە.

مەبەست لە چەمکی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیەدا: دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان بەگشتی دەگرێتەوە، دواتر ئامادەیی لایەنە فەرمی و نافەرمییەکانی کۆمەڵگایە لە گرنگیدان بەو بابەتە و لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارییەتی لەپرۆسەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان دا.

#### 1.4.3 چاکسازی نەوجەوانان:

پرۆسەیەکە کە تیایدا کار لەسەر ڕاستاندنەوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی نەوجەوانان دەکرێت بەتایبەت ئەوانەی لە تەمەنێکی گەنجی دووچاری جۆرێک لەلادان بوونەتەوە (Naser,2019,p:65). چەمکی چاکسازی ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە دامەزراوەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی تیایدا کار لەسەر ڕاستاندنەوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی نەوجەوانان دەکرێت بەتایبەت ئەوانەی کە دووچاری تاوان و توندوتیژی بوونەتەوە(Plat,1969,pp:21-38). پرۆسە و کرداری چاکسازی بەجۆرێک دادەڕێژرێت ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆ نەوجەوانان بڕەخسێنێت و ببێتە هۆی باشترکردنی ڕەفتاریان و دووبارە گەڕانەوە بۆناو خێزان و کۆمەڵگا( Putney and Gladys,1962,p:437). لە فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا چاکسازی بە جۆرێک پێناسە دەکرێت؛ پرۆسەیەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە ئامانج لێی دووبارە ڕێکخستنەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسی و ئابوری تاکە لە سەرەتاوە (مذکور

1985،ص. 620). ئەو پیشە و پسپۆڕییەیە کار دەکات لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری هەرزەکارانی تاوانبار بەرەو ئاراستەیەکی باشتر، ئەم کردارەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەند شێوازێک پراکتیزە دەکرێت، وەک زیندانی کردن و ئەم گۆڕانکارییە چۆنایەتییە لە شێوازی وەڵامدانەوەی کاریگەرییەکانی دەوروبەری تاک، چ کاریگەرییە ناوخۆییەکان بێت یان دەرەکییەکان کە لەگەڵ پێداویستییەکانی هەریەک لە یاسا باوەکانی کۆمەڵگە و ڕێساکانی ئاکاری دا بگونجێت لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر و تا لە دوا جاردا دەگاتە قۆناغی چاکسازی (حامد 2012،،ص.57).

بۆیە دەکرێت بڵێین چاکسازی پرۆسەیەکە ئامانج لێی دووبارە ڕاهێنانەوە و ڕاستاندنەوەی ڕەفتاری نەوجەوانانە لە ئاکامی ئەو لادانە کۆمەڵایەتییەی دووچاری هاتوون، لە چوارچێوەی دامەزراوە چاکسازییەکان بە کۆمەڵێک بەرنامە و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی،دەروونی و پەروەردەیی کار لەسەر دوبارە بنیاتنانەوەی کەسایەتی نەوجەوانان دەکرێت بە ئامانجی گێڕانەوەیان بۆ بارودۆخی ئاساییان و کردنیان بە تاکێکی سوودبەخش بۆ خێزان و کۆمەڵگا.

مەبەست لە چەمکی چاکسازی نەوجەوانان لەم توێژینەوەیەدا: پرۆسەی شیاندنەوەی گشتگیری نەوجەوانانە، سەرجەم بوارەکانی ژیانی نەوجەوانان دەگرێتە خۆی، بە ئامانجی گێڕانەوەی تاکێکی سوود مەند بۆ ناو خیزان و کۆمەڵگە.

## 2. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### 2.1 تیۆری پەیوەندیدار و توێژینەوەکانی پێشوو.

#### 2.1.1 تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی: Functional Constructivism Theory

تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی بە یەکێک لەو تیۆرانە دادەنرێت کە گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆی لە ئەدەبیاتی زانایانی کۆمەڵناسیدا هەیە و لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە ئەو گرنگییەی بەدەرکەوت، پانتاییەکی بەرفراوانی داگیرکردووە لە بواری کاری زانا و پسپۆڕانی کۆمەڵناسی(عبدالمعطی، 1986، ص،98). تاڵکۆت پارسۆنز بە یەکێک دامەزرێنەر و سەرمەشقانی ئەو تیۆرە دادەنرێت و ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە پێشخستنیدا، ئەو کۆمەڵگا وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی وێنا دەکات و پێی وایە ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە بەشێوەیەکی چڕوپڕ بەیەکدا چووە و هەر بەشێکی ئەو سیستەمە ئەرکێکی تایبەتی هەیە، لەکاتی بوونی ناتەواوی و کەموکورتی لە هەربەشێکی ئەو سیستەمە ئەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەدای تەواوی سیستەمەکە دەبێت ، وە ئەو سیستەمەش دەکرێت شتیکی بێگیان یاخود گیاندار ، تاک، کۆمەڵەیەک یاخود کۆمەڵگایەک بێت، ناودەبرێت بە سیستەم و هەموو یەکەکان پەیوەندیدار و پەیوەستن بەیەکەوە هاوشێوەی جەستەی مرۆڤ کە سیستەمێکە و لە چەندین ئەندام پێکهاتووە و هەربەشێک ئەرک و فەرمانی خۆی هەیە، ئەگەر هاتوو یەکێک لە ئەندامەکان دووچاری گرفت هات ئەوا تەواوی جەستە گرفتار دەبێت و پێویستی بە چارەسەری بە پەلە و خێرا دەبێت بۆ ڕێگری کردن لە تەشەنەسەندنی گرفتەکە(عماد،2007،ص،104-103).

لە چوارچێوە یاخود بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی بەچاوڕوونیمان پێدەدات سەبارەت بەوەی چۆن سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دەزگا حکومییەکان، ڕێکخراوە قازانج نەویستەکان و گروپە کۆمەڵایەتییەکان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە قاڵب دەدەن و کاریگەرییان لەسەر ئەو تاک و کۆمەڵگایانە هەیە کە خزمەتیان دەکەن. هاوکات بونیادی ئەرکگەرایی جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندی نێوان ئەو لایەنانەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خزمەتگوزارییەکەیان پێشکەش دەکرێت، ئەم پەیوەندییە کاریگەری لەسەر شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان دەبێت. بە گشتی تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە کارلێکە ئاڵۆزەکانی نێوان سیستەمی کۆمەڵایەتی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکات، ئەمەش لەرێگەی تاقیکردنەوەی کارلێکی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، دامەزراوەکان، داینامیکی دەسەڵات، هاوکات ئەم تیۆریە ڕێنیشاندەر دەبێت؛ چۆن دەتوانرێت خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دابرێژرێت، جێبەجێبکرێت و باشتر بکرێت بۆ پێشخستنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان.

لەبەرئەوە بەکارهێنانی تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی لە شیکاری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی نەوجەوانان دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی؛ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کار لەسەر بنیاتنانەوەی کەسایەتی نەوجەوانان دەکات، ئەمەیش لەڕێگای فەراهەمکردنی بارودۆخێکی گونجاو وە باشترکردنی لایەنە ناهەموارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە دەرەنجامی تێکچوونی سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی، دەکرێت خێزان یاخود قوتابخانە بگرێتەوە و لەدواجاردا دەبێتە هۆی ناتەواویەک لە بونیاد و پێکهاتەی تاکدا و سەردەکێشێت بۆ لادان و ڕەفتاری نەشیاو، بۆیە دەکرێت خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ئەرکی بونیادنانەوەی کەسایەتی تاک و ڕاستاندنەوەی ڕەفتار بگرێتە ئەستۆ.

### 2.1.2 توێژینەوەکانی پێشو

گرنگیدان بە توێژینەوەکانی پێشوو لە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، یارمەتی توێژەر دەدات کە زانیاری و بەرچاوروونی زیاتری هەبێت سەبارەت بەو پرس و بابەتەی توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدات، هەروەها توێژەر کار لەسەر ئامانجەکانی توێژینەوەکانی ڕابردوو دەکات تا چەند لەگەڵ سروشتی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی خۆیدا دگونجێت و هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات و لەدواجاریشدا بەراوردکردنی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە گەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی ڕابردوو بۆ تێگەیشتن و زانینی خاڵە هاوبەش و دژ بەیەکەکان. دوای گەڕان و بەدواداچوون سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی نەوجەوانان لەناو دامەزراوە چاکسازییەکان لە هەرێمی کوردستان، خۆشبەختانە چەند توێژینەوەیەک بە زمانی کوردی،عەرەبی و ئینگلیزی بەدەستهاتن، کە لەخوارەوەدا ئاماژەیان پێکراوە و وەک پاڵپشتییەک لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە.

١ – توێژینەوەی (محمد، 2010) بە ناونیشانی "ڕەوشی بەندکراوان لە دامەزراوەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی دا " ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ئەنجامدراوە، ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕەوشی بەندکراوان لە فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی لە دیدی بەندکراوانەوە، نموونەی توێژینەوەکە(٧٠١) بەندکراو لە هەر دوو بەشی پیاوان و ژنان لە فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی کە لەو ڕێژەیە (٦٨٣) کەسیان لە ڕەگەزی نێرن وە (١٨) کەسیان لە ڕەگەزی مێن، گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پشکنین و پۆلێن بەندی بۆ بەندکراوان ئەنجام نادرێت کاتێک دێن بۆ بەندیخانە، شوێنی خەوتن و پشودانی بەندکراوانی بەشی پیاوان لە فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی ڕەچاوی لایەنە تەندروستییەکانی تێدا نەکراوە؛ بەتایبەت ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراوان لە هۆڵێکدا ژیان بەسەر دەبەن و جیاکردنەوەیان لە ڕووی ماوەی سزاوە هیچ پۆلێن کارییەکی تریان بۆ نەکراوە، هەروەها پێخەف و شوێنی نووستنیان پاک و خاوێن نییە و ڕووناکی و هەوا گۆڕکێی هۆڵەکانیشیان لە ئاستی پێویستدا نییە.

٢- توێژینەوەی (عبدالله، 2012) بە ناونیشانی "ڕەوشی چاودێری کۆمەڵایەتی نەوجەوانان" ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ئەنجامدراوە، ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕووی ڕەوشی چاودێری نەوجەوانان لە خانەکانی نەوجەوانان لە دیدی خودی نەوجەوانانەوە هەروەها پێشنیاز و ڕاسپاردە بۆ چارەسەری گرفتەکانی چاودێری نەوجەوانان، نموونەی توێژینەوەکە سەرجەم نەوجەوانان بە هەر دوو ڕەگەزەوە لە سەرجەم خانەکان دا دەگرێتەوە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتی بوون لە ( فۆڕمی ڕاپرسی، چاوپێکەوتن، تێبینی) ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەر یەکێک لەم ئامرازانە گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە لە کۆکردنەوەو دەستخستنی ئەو داتا و زانیارییانەی کە توێژەر هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدات، گرنگترین ئەنجامەکان بریتی بوون لە؛ نەوجەوانان و ئەو ژینگە نالەبارەی لێوەی هاتوون و دابڕاون لە خێزانەکانیان، ڕووبەڕووی چەند گرفت و نەخۆشییەکی دەروونی بوونەتەوە لەناو خانەکاندا وەک ( هەڵچوونی بەردەوام، دوودڵی و بێزاربوون، بێهیوابوون لە ژیان و خۆ بەکەم زانین (شعور بالنقص)، لە ناو خانەکاندا بە هەردوو بەشی کوڕان و کچان پشکنین بۆ ئەو نەوجەوانانە ئەنجام نادرێت کاتێک دێنە ناو خانەکانەوە بەهۆی گرنگینەدانی کارگێڕی خانەکان و نەبوونی بەرنامەی تایبەت بەو بوارە.

٣- توێژینەوەی(پیرداود،2007 ) بە ناونیشانی "معوقات العمل الاصلاحی الاجتماعی فی سجون اقلیم کردستان- العراق" ، گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیبوون لە تیشک خستنەسەر گرنگترین ئەو بەربەستە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی چاکسازی لە بەندینخانەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، هەڵسەنگاندنی ئەو بنەمایانەی گرنگن لە سەرخستنی کاری چاکسازی ئەمەش لە ڕێگەی چەند پێوەرێکی زانستییەوە ئەنجام دەدرێت. نموونەی توێژینەوەکە لە جۆری نموونەی مەبەستداری بەشکراوە کە (٢٦٠) بەندکراو و کارمەند لەهەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک وەرگیراوە. توێژەر هەردوو میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و بەراوردکاری بەکارهاێناوە.، توێژەر( چاوپێکەوتن، تێبینی، فۆڕمی ڕاپرسی) لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوە. ئامرازە ئامارییە بەکار هاتووەکان لە شیکردنەوەی زانیارییەکان بریتین لە ( ناوەندە ژمێرەیی، ڕێژەی سەدی، لادانی پێوەری و کای سکوێر. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لە؛ بوونی کەموکورتیەکی زۆر لە شوێنی پێشوازی تایبەت بە پشکنین و پۆلێنکردنی بەندکراوان. لە ڕووی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییەوە، توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانی ناو بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستاون لە ڕێنمایی کردنی بەندکراوان بۆ گرتنەبەری ڕێگەیەکی دروست و هەروەها گرنگینەدان بە گرفتە تایبەتی و خێزانییەکانیان. لە ڕووی خزمەتگوزاری تەندروستییەوە.

توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی تا ڕادەیەک لە ڕووی پاکو خاوێنی و خواردنەوە ڕەوشی بەندکراوان زۆر باشە، وە ئەگەر هاتوو یەکێک لەبەندکراوان تووشی نەخۆشی بوو ئەوا لە بەندکراوانی تر جیادەکرێتەوە و چارەسەری پێویستی بۆ ئەنجام دەدرێت. لە ڕووی پرۆگرامەکانی فێرکردنیشەوە ، بەندکراوان( بڕیار لەسەر دراوان) دەرفەتیان پێنادرێت بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندنی

قۆناغی سەرەتایی(بنەڕەتی) و قۆناغی خوێندنی باڵا( زانكۆ و پەیمانگا) . لە ڕووی پرۆگرامە ئاینییەكانەوە، شوێن و جێگایەكی شیاو بوونی نییە بۆ ئەنجامدانی دروشمە ئاینییەكان و پیاوانی ئاینی سستی و كەمتەرخەمن لەسەردانیكردن بۆ لای بەندكراوان وپێشكەشكردنی وتار ووانەی تایبەت دەربارەی بنەما ڕەوشتی و نەریتە ئاینییەكان.

٤- توێژینەوەی (جباری و بدرونی،2017) بە ناونیشانی" دور الخدمة الاجتماعية في الحد من جنوح الأحداث من عين الدفلى.الجزائر ". ئامانجەكانی توێژینەوەكە بریتیبوون لە؛ ناساندنی بابەتی نەوجەوانانی سەرپێچیكار وەک بابەتێكی گرنگ، ئاشنابوون بە دامەزراوەكانی چاودێری تایبەت بە نەوجەوانانی سەرپێچیكار لە ولاتی جەزائیر، ئاشكراكردنی واقیعی نەوجەوانانی سەرپێچیكار لە كۆمەڵگای جەزائیر و ڕۆڵیان لە بنیاتنان و گەشەپێدانی كۆمەڵگا، ئاشنابوون دەربارەی ئەو چاودێری و گرنگیپێدانەی نەوجەوانانی سەرپێچیكار لێی سوودمەند دەبن لەناو دامەزراوە چاكسازییە كۆمەڵایەتییەكان هەروەها دەستنیشانكردنی گرنگترین ئەو هەوڵانەی لەلایەن دامەزراوەكانەوە فەرمی و نافەرمییەكانەوە دراون بە مەبەستی دیاریكردنی گرفتی  نەوجەوانانی سەرپێچیكار. نموونەی توێژینەوەكە بە شێوەی نموونەی مەبەستدار وەرگیراوە كە تەواوی نەوجەوانانی سەرپێچیكار د ئەوانەی تەمەنیان لە خوار هەژدە(١٨) ساڵیەوەیە لە دامەزراوەی چاكسازی كۆمەڵایەتی شاری عين الدفلى لە وڵاتی جەزائیر دەگرێتەوە.  لە توێژینەوەكەدا میتۆدی وسفی شیكاریی بەكارهاتووە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم میتۆدە یارمەتیدەرە لە لێكۆڵینەوە و باسكردنی دیاردەكە لە واقیعی خۆیدا. هەریەک لەئامرازەكانی ( چاوپێكەوتن و تێبینیكردن) لە كۆكردنەوەی زانیارییەكان دا بەكارهاتوون. گرنگترین ئەنجامەكانی توێژینەوەكە بریتین لە؛  بەشێكی زۆری لێتوێژراوان لە بارودۆخێكی نالەباری خێزانیدا دەژین ، بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوكیان لەیەكتری، زۆربەی لێتوێژراوان سوودمەند بوونە لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی لەو دامەزراوەیەی ئەركی چاودێریكردن و ڕێنمایكردنیانی لە ئەستۆدایە، پیشەیی خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی ئامانجی خۆی پێكاوە لە دووبارە ڕاهێنانەوەی سەرپێچیكاران و ڕاستاندنەوەی ڕەفتاریان، ئەو ڕاستاندنەوەی ڕەفتارەش لە سەر بنەمای باشتركردنی پەیوەندی نێوان سەرپێچیكار و كۆمەڵگاكەیەتی ، هەروەها لێتوێژراوان ئاستی متمانە بەخۆبوونیان زیادی كردووە هاوكات لەگەڵ ئاشتبوونەوە لەگەڵ كۆمەڵگا و گەڕانەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان.

٥ – توێژینەوەی (Muthomi and Muthee , 2016) بە ناونیشانی " Analysis of predictors of Behavior Change among Children at Risk in Juvenile Rehabilitation Centers in Nairobi County , Kenya " ئەم توێژینەوەیە  لە وڵاتی كینیا ئەنجامدراوە، ئامانجەكانی توێژینەوەكە بریتین لە تێگەیشتن  و شیكردنەوەی ئەو هۆكارانەی كاریگەریان هەیە لەسەر گۆڕانی هەڵسوكەوت و ڕەفتاری ئەو منداڵانەی كە لە مەترسیدان  و لەژێر پرۆسەی چاودێكریكردن و ڕاهێنانەوەن لە سەنتەرەكانی ڕاهێنانەوەی نەوجەوانان لە هەرێمی نایرۆبی وڵاتی كینیا، بەرجەستەكردنی پرۆسەی پەروەردەی تایبەت و ڕێگاكانی گۆڕینی ڕەفتاری نەشیاو بۆ ئەو منداڵانەی كە لە مەترسیدان  و لەژێر پرۆسەی چاودێریكردن و ڕاهێنانەوەن لە سەنتەرەكانی ڕاهێنانەوەی نەوجەوانان بۆ ڕەفتاری شیاو، نموونەی توێژینەوەكە هەموو ئەو منداڵ و بەرپێوەبەرانە دەگرێتەوە كە لەسەنتەرەكانی ڕاهێنانەوەی نەوجەوانان لە هەرێمی نایرۆبی وڵاتی كینیا، بۆ شیكردنەوەو ڕاڤەكردنی داتاكان سوود لە پاكێجی ئاماری (SPSS)  وەرگیراوە. گرنگترین ئەنجامەكان بریتین لە ڕاهێنانەوەی نەوجەوانان لەناو سەنتەرەكانی چاكسازی بە شێوەیەكی ڕێكوپێک ئەنجام نەدراوە و گشتگیر نەبووە، تەنها ئەو منداڵانەی كە لە بارودۆخێكی سەختدان و ڕێژەی مەترسی بۆ سەر ژیانیان زۆربووە گرنگیان پێدراوە، كاركردن بە پێوەری گرفتی تایبەت بوونی نەبووە لەو سەنتەرانە بە جۆرێک زیاتر لە سەدا نەوەدی ئەو منداڵانەی كە لەو سەنتەرانەدا بوونە خاوەن گرفتی تایبەت بوونە كە هەر یەكەیان وا پێویستی كردووە بە تایبەتی كار لەسەر كەیسەكەی بكرێت نەوەک كەیسێک یان بارودۆخێک گشتاندنی بۆ بكرێت بەسەر تەواوی كەیسەكانی تردا، سەنتەرەكانی ڕاهێنانەوەی نەوجەوانان لە ژینگەیەكی لەبارو گونجاودا  كارەكانیان جێ بەجێ نەكردووە،  بەردەوام بەربەست و ڕێگری هەبووە ئەمە وێڕای ئەوەی كە بەشێكی هەرە زۆری ستافی ئەو سەنتەرانە بەشداری هیچ  كۆرس و ڕاهێنانێكی پیشەیی و ڕێگاكانی هەڵسوكەوت و گۆڕینی ڕەفتاریان تایبەت بە منداڵ و نەوجەوانان نەكردووە.

### 3. میتۆدی توێژینەوە و ڕێکارە مەیدانییەکان:

#### 3.1.1 میتۆد

دوای پرس و ڕاوێژ لە گەڵ پسپۆڕان و سەرپەرشتیاری توژینەوە، سەبارەت بە دیزاین و ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن بە ڕێگایەکی دروست دانراوە بۆ بەدەستخستنی داتا و زانیارییەکانی توێژینەوە، ئەمەش بەهۆی سروشتی توێژینەوەکە و جێبەجێبوونی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، میتۆدی تێکەڵ(mixed method) لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە؛ ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر( Social Survey Method) و چاوپێکەوتن بەکارهاتوون. سەرجەم نەوجەوانان ژمارەیان (42) نەوجەوان بوون بەهەردوو ڕەگەز بەشێوازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر وەرگیراون لەگەڵ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشێک لە مامۆستایان، توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە، دواتر داتاکان لە ڕێگەی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان(SPSS) شیکردنەوەیان بۆ کراوە هاوکات چاوپێکەوتنەکانیش لەلایەن توێژەرەوە شرۆڤەکردنیان بۆ ئەنجامدراوە.

لەبەرئەوە هەر دیاردەیەک یان گرفتێکی کۆمەڵایەتی سیما و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و جیاوازە لە ئەویتر و هەریەکەیان پێویستی بە شێوازێکی دیاریکراو هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی، لەدواتردا گەیشتن بە کۆمەڵێک ڕاستی لە ڕێگەیەوە وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکە دەدەنەوە، شیکاری و لێکدانەوەکان لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەدا دەبێت کە بەدەست هاتوون، بۆیە میتۆد ئەو ئامرازەیە کە بەهۆیەوە دەتوانین بگەین بەو ڕاستیانەی کە پەیوەندیدارن بە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە ( ابونصر،2017،ص، 138). یاخود ئەو ڕێگایەی توێژینەوەیە، توێژەر لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان، پۆلێنکردن، شرۆڤەکردن و سوود لێوەرگرتنیان لە توێژینەوەی زانستییدا، کە دەیەوێت ئەنجامی بدات دەیگرێتەبەر (ئەلحەسەن،2012،ل،539). میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لەڕێگاکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و لە کورترین پێناسەدا بریتییە لە پشکنینی گشتی بۆ کۆمەڵێك لە کۆمەڵەکان (الحسن و الحسنی،1982،ص،156)، یان بریتییە لە میتۆدێك بۆ شیکردنەوە و دیراسەکردنی هەر بارودۆخێك یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەڕێوشوێنی زانستی ڕێکخراو بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە دیاریکراوەکانئەنجام دەدرێت (رشوان،1989،ص،128).

#### 3.1.2 کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوە بەو کۆمەڵگایە ناسراوە کە؛ توێژەر توێژینەوەی لەسەر دەکات، جا ئەو توێژینەوەیە ڕەنگە هەموو یەکەکانی ئەو کۆمەڵگایە وەک دامەزراوە یاخود خێزان لەخۆ بگرێت(ترکی،2006،ص110) ، یاخود لەڕێگای نموونەوە بێت، کەواتە هەموو ئەو یەکانەی بەشداری لە پێکهێنانی کۆمەڵگاکە دەکەن دەگرێتەوە(الدویدری،2000،ص،305). کۆمەڵگای توێژینەوەکە هەموو نەوجەوانانی ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی شاری هەولێرە ئەوانەی کە تەمەنیان لە خوار هەژدە (١٨) ساڵیەوەیە و ژمارەیان(42) نەوجەوان بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لەخۆدەگرێت.

#### 3.1.3 ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

هەریەک لە فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن بەکارهاتوون، ئەمەش بەهۆی سروشتی توێژینەوەکە سەرەڕای بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی بۆ نەوجەوانان کۆمەڵێک پرسیاری لەخۆ گرتبوو سەبارەت بەو خزمەتگوزارییانەی لە ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، بۆ زیاتر تێگەیشتن و ئاشنابوون بە گرنگترین ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی نەوجەوانان دەکرێن، وا پێویست بوو چەند چاوپێکەوتنێک لەگەڵ توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە و یەکەی چاودێری پاشینە ئەنجام بدەین .

##### 1 - فۆڕمی ڕاپرسی

لەم توێژینەوەیەدا فۆڕمی ڕاپرسی بەشێوەی پرسیارنامە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێنراوە. دوای ئامادەکردنی فۆڕمەکە، سەرەتا لە (4 ) پرسیاری گشتی و (34) پرسیاری تایبەتی پێکهاتبوو، بەسەر (6) تەوەرەدا دابەشکرابوون، بەومانایەی کۆی گشتی فۆڕمەکە (38) پرسیاری لەخۆگرتبوو. ئینجا توێژەر بۆ یەکەم جار فۆڕمەکەی بەسەر (10) یەکە (تاک) لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی وەک جۆرێک لە پرسە توێژینەوە دابەشکردووە. تێیدا فۆڕمەکە لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە گرفتی توێژینەوە لەسەر خودی بابەتەکە لە فۆڕمی توێژینەوەکانی پێشووتر بە دەستکەوتبوو داڕشترابوون، پاش زانینی ئاست و کاتی پێویست بۆ وڵامدانەوەی فۆڕمەکە، ئینجا دەستکارییەکی کەم و لاوەکی فۆڕمەکەی کردووە بە جۆرێک سێ وەڵامی بەم شێوازەی خوارەوە بۆ فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا دانرا .

1 - بەڵێ هێزی 3 نمرەی وەرگرتووە.

2 - تارادەیەک هێزی 2 نمرەی وەرگرتووە

3 - نەخێر هێزی 1 نمرەی وەرگرتووە

پاشان مەرجە سایکۆسۆسیۆمەترییەکانی (ڕاستگۆیی و جێگیریی) ی بۆ بەکارهێنراوە و بڵاوکراوەتەوە.

- **ڕاستگۆیی Validity:**

ڕاستگۆیی لە توێژینەوەدا بابەتێکی گرنگ و جەوهەرییە، ڕاستگۆیی و تەواوی زانیارییەکان مەرجێکی بنەڕەتین بۆ بەئەنجام گەیشتنێکی ڕاست و دروست لە توێژینەوەدا (شوانی، 2015، ل374). ئەگەرچی ڕاستگۆیی چەند جۆر و شێوازی جیاوازی هەیە و، هەر یەکەی بەشێویەک بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەمر توێژینەوەیەدا ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەکارهێنراوە، ئەویش؛ (ڕاستگۆیی ڕواڵەتی) پشت بە هەڵسەنگاندنە خودییەکانی توێژەر دەبەستێت، تێیدا سەرەتا فۆڕمی توێژینەوەکە ئامادە دەکرێت، ئینجا بەمەبەستی هەڵسەنگاندن فۆڕمەکە دەبرێت بۆ لای پسپۆڕان، ئەگەر هاتوو پسپۆڕان لەسەر هەر یەک لە پرسیارەکانی فۆڕمەکە کۆکبوون و بە گونجاویان دانا، دواتریش هەمان شت سەبارەت بە هەموو برگە و پرسیارەکانیتر، ئەوا وادادەنرێت؛ پێوەرەکە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی دەستەبەرکردووە. بۆیە بەمەبەستی هەڵسەنگاندن فۆڕمەکە بۆلای (10) لە پسپۆڕان بردران، دوای وەرگرتنەوەیان هەر (10) فۆڕمەکە هەڵسەنگێنرابوون، ئینجا لەڕێگای هەژمارکردنی ئەو برگانەی لەلایەن پسپۆڕانەوە ڕەزامەندی لەسەر درابوون، ئەوا دەرکەوت، ڕێژەی سەدی ڕاستگۆیی پێوەرەکە بریتییە لە (84.4% ). ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ ڕاستگۆیی فۆڕمی ڕاپرسییەکە.

خشتەی ژمارە(1) ڕاستگۆیی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| ژ | ناوی پسپۆڕان | برگە گونجاوەکان | برگە نەگونجاوەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پ.د.ماهر عبدالواحد عزيز | 33 | 5 | 86.8% |
| 2 | پ.ی.د.ديار محى الدين جەباری | 22 | 16 | 57.8% |
| 3 | پ.ی.د. پۆلا عبدالصمد محمود | 35 | 3 | 92.1 % |
| 4 | د. محمد شوانی | 37 | 1 | 97.3 % |
| 5 | د. حکيم قادر تەها | 30 | 8 | 78.9 % |
| 6 | د. شڤان اسماعيل حمد | 28 | 10 | 73.8 % |
| 7 | د. ڕوخسار محمد عمر | 31 | 1 | 81.5 % |
| 8 | د. عبدالله ڕەسوڵ محمدامين | 38 | 0 | 100 % |
| 9 | د. قادر حسێن صاڵح | 31 | 1 | 81.5 % |
| 10 | م. ئارام محمد سعيد | 36 | 2 | 94.7 % |
| | **کۆی گشتی** | 321 | 47 | 84.4. % |

ژمارەی برگەکانی فۆڕمەکە= 38

ژمارەی پسپۆڕان= 10

کۆی گشتی برگەکانی فۆڕمەکە = ژمارەی برگەکانی فۆڕمەکە× ژمارەی پسپۆڕان

واتە:38×10=380

کۆی گشتی برگە نەگونجاوەکان=47

ڕێژەی ڕاستگۆیی فۆڕمەکە = کۆی گشتی برگە گونجاوەکان ÷ کۆی گشتی برگەکانی فۆڕمەکە×100

واتە: 321÷380×100= **84.4%** ڕێژەی ڕاستگۆیی فۆڕمەکەیە.

- **جێگیری (Reliability) :**

مەبەست لە جێگیری پێوەر ئەوەیە کاتێک لەهەمان باروودۆخ و ڕەوشدا بەسەر هەمان ئەو نموونەیە دووبارەکرایەوە، ئەگەر هەمان ئەنجامیش نەبێت ئەنجامی لەیەک نزیک بەدەستەوە بدات، بەمەرجێک لەنێوان ئەو دوو ئەزموونەدا تاکەکان بە پرۆسەی

مەشقکردن و فێرکردندا تێنەپەڕین (Kumar, R., 2011, p.173). هەرچەندە ڕێگای جۆراوجۆر بۆ زانینی جێگیری ئامراز (ثبات الأداة- Reliability of the Scale) ئەلفا کرۆنباخ بەکارهاتووە وە بە بەهای ( 0.8) کە ئەمەش ژمارەیەکی بەهادارە و جێگیری فۆرمەکە پشت ڕاست دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە(2) جێگیری فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| **Reliability Statistics** | | |
|---|---|---|
| Cronbach's Alpha | Cronbach's Alpha Based on Standardized Items | N of Items |
| 0.854 | 0.847 | 45 |

### 2 - چاوپێکەوتن:

بەیەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە بوارەکانی کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی،خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و دەروونناسیدا دادەنرێت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەنێوان توێژەر و لێتوێژراو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە( الحسن،1982،ص93) . لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنەکە بەشێوازی ڕێکخراو بووە دوو(2) مامۆستا، دوو(2) توێژەری کۆمەڵایەتی و دوو(2) توێژەری دەروونی دیاریکراون و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە و پرسیارەکانیش دیاریکرا و تایبەتمەند بوونە سەبارەت پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ نەوجەوانان.

### 3.1.4 سنوری توێژینەوە

یەکێك لە مەرجەکانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی دەستنیشانکردنی سنووری توێژینەوەیە، بەتایبەتی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەر سێ سنووری (مرۆیی، شوێن و کاتی) دەبێت چوارچێوەیان دیاریبکرێت، تاکو ئەو ئەنجامانەی بەدەستدەکەون شایانی گشتاندن بێت بەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەکە، لەسەر ئەم بنەمایە بوارەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١- **بواری شوێنی:** ئەم توێژینەوەیە لەشاری هەولێر لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر ئەنجامدراوە.

٢- **بواری مرۆیی:** لەم توێژینەوەیەدا سەرجەم نەوجەوانانی ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان ئەوانەی کە تەمەنیان لەخوارو هەژدە(١٨) ساڵییەوەیە دەگرێتەوە.

3 - **بواری کاتی:** مەبەست لەو ماوەیەیە، کە توێژینەوە مەیدانییەکەی تێدا ئەنجامدراوە، ئەویش لە ماوەی نێوان (2023/2/1) تاکو (2023/7/1) یە.

### 4.1.6 ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

لەم توێژینەوەیدا پشت بە (Statistical Package of Social science) هەگبەی ئاماری لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا (SPSS) بەستراوە و، تێیدا هەریەکە لەمانەی خوارەوە بە مەبەستی دابەشبوونی ئاستی سروشتی توێژینەوەکە بەکارهێنراون:

ناوەندی ژمێرەیی (Mean). ناوەندین (Median)، لادانی پێوەری (Standard Deviation). لاری( Skewness)، شێوازی تەپین(Kurtios) ، مەودا(Range).

خشتەی ژمارە3) دابەشبوونی سروشتی توێژینەوە

| دابەشبوونی نموونەی توێژینەوە | | ڕێژە |
|---|---|---|
| Mean | ناوەندە ژمێرەیی | 91.642 |
| Median | ناوەندین | 95.00 |
| Standard Deviation | لادانی پێوەری | 12.95 |
| Skewness | لاری | -0.687 |
| Kurtios | تەپین | 0.015 |
| Range | مەودا | 53.00 |

ئەنجامی ئامانجی یەکەم: دەرخستنی ڕەوشی خزمەتگوزاری (پشکنین و پۆلێنکردن، کۆمەڵایەتی، دەروونی ، تەندروستی ، پەروەردەیی و فێرکاریەکان و ئابوری) لە بواری چاودێری نەوجەوانان دا بەپێی کاریگەری گۆڕاوەکانی: ڕەگەز، تەمەن ، ئاستی بژێوی و خوێندەواری،لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، لە ناوەندی شاری هەولێردا.

**خستنە ڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان.**

**3.1.5 خستەڕووی زانیارییە گشتییەکان**

1- **ڕەگەز:**بەهۆی ئەوەی کە جیاوازی هەیە لە تێروانین و بۆچوون لە نێوان ڕەگەزی (نێر ، مێ) ، بۆیە لەبەشی هەرەزۆری توێژینەوەکاندا گۆڕاوی ڕەگەز گرنگی تایبەتی پێدەدرێت بۆ دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی هەردوو ڕەگەز، لەم توێژینەوەیەشدا ڕەگەز وەک فاکتەرێکی گرنگ بەکارهاتووە بۆ زانینی ئاستی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشیان دەکرێت لە ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر. لە شێوەی ژمارە (1) دا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ڕەگەزی نێر لە توێژینەوەکەدا ڕێژەی(83.33%)، ڕەگەزی مێ بەڕێژەی(16.67%). ژمارەی لێتوێژراوانی نێر زیاترە لە لێتوێژراوانی مێ، لەبەرئەوەی زۆربەی نەوجەوانان کە لە ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان کە ڕادەگیرێن یاخود حوکم دەدرێن لە ڕەگەزی نێرن و بەهۆی داب و نەریت و کلتورەوە ڕەگەزی مێ کەمتر دەبرێنە ناو چاکسازییەکان.

شێوەی(1) ڕەگەزی تاکەکانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو




2- **تەمەن:** ئاستە جیاوازەکانی تەمەن هەڵگری بیر و بۆچوون و تێروانینی جیاوازن لەمەڕ پرس و کێشەکانی ناو کۆمەڵگا . لە خشتەی (٣) دا ئەوەمان بۆدەردەکەوێت؛زۆربەی تاکەکانی توێژینەوە تەمەنیان لەنێوان(14-18) ساڵیدایە بەڕێژەی(88.10%) و ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان(11-13) ساڵیدایە بەپلەی دووەم بەڕێژەی(11.90%) ، ئەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بەشی هەرەزۆری نەوجەوانان لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لەنێوان تەمەنی(14-18) ساڵیدان.

شێوەی(2) تەمەنی تاکەکانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو




**3ئاستی خوێندەواری**: ئاستی خوێندەواری یەکێکە لەو گۆڕاوە سەربەخۆیانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بایاخی پێدراوە و خراوەتەڕوو. وەک لە خشتەیەی ژمارە (٤) دا دیارە ئاستی خوێندەواری لێتوێژراوان جیاوازە، ئاستی بنەڕەتی ڕێژەیان لە ئاستەکانی تر زیاترە و بە پلەی یەکەم دێن بە ڕێژەی(54.76%)، دەرچووی بنەڕەتی لە پلەی دووەم بە ڕێژەی(21.43%)،

دەرچووی ناوەندی لە پلەی سێیەمدا دێن بە ڕێژەی(14.29%)، لە پلەی چوارەمیشدا دەرچووی ئامادەیی بە ڕێژەی(9.52%) دێن.

شێوەی(3) دابەشبوونی تاکەکانی توێژینەوەکە بەپێی ئاستی خوێندەواری




**شوێنی نیشتەجێبوون:** ئەم گۆڕاوەش گرنگە کە لەم توێژینەوەیەدا بخرێتە ڕوو، بەهۆی ئەوەی ئەو نەوجەوانانەی هاتوون بۆ ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، هەریەکەیان لە ژینگە و شوێنێکی جیاوازەوە هاتوون . لە شێوەی (4) دا بۆمان دەردەکەوێت کە شوێنی نیشتەجێبوونی لێتوێژراوانی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم ناوەندی پارێزگا دەگرێتەوە بە ڕێژەی(50.00%)، لە پلەی دووەمدا ناحیە دێت بە ڕێژەی(28.57%)، لە پلەی سێیەمدا قەزا دەگرێتەخۆی بە ڕێژەی(14.29%) لە پلەی چوارەم و کۆتایدا گوند بە ڕێژەی(7.14%).

شێوەی (4)شوێنی نیشتەجێبوونی تاکەکانی توێژینەوەکە




3.1.6 ئەنجامی ئامانجی دووەم: دەرخستنی ڕەوشی خزمەتگوزاری (پشکنین و پۆلێنکردن، کۆمەڵایەتی، تەندروستی ، دەروونی، پەروەردەیی و ئابوری) لە ڕوانگەی نەوجەوانان، مامۆستایان، توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر.

### 3.1.7 یەکەم: لەڕوانگەی نەوجەوانانەوە:

**تەوەری یەکەم: پشکنین و پۆلێن کردن**

لە شیکاری پرسیارەکانی تەوەری یەکەمدا، پرسیاری یەکەم(ئایا ڕەزامەندبووی لەو پشکنینەی لەسەرەتای هاتن بۆ ناوچاکسازی بۆت ئەنجامدرا؟) بەڵێ بە ڕێژەی(57.1%) ، نەخێر(26.2%)، تاڕادەیەک بەڕێژەی (16.7%)،پرسیاری دووەم(ئایا شوێنی مانەوەتان بەپێی جۆری تاوان جیاکراوەتەوە؟) نەخێر بەڕێژەی(71.4%)، بەڵێ ڕێژەی(16.7%)، تاڕادەیەک بەڕێژەی (11.9%). پرسیاری سێیەم(ئایا شوێنی خەوتن و پشودانت بەپێی تەمەنتان جیاکراوەتەوە؟)نەخێر بەڕێژەی(54.8%)، بەڵێ ڕێژەی(40.5%) ، تاڕادەیەک بەڕێژەی (4.8%). پرسیاری چوارەم (ئایا جیاکردنەوەتان بەپێی جۆری تاوان لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیدا کاریگەری باشی لەسەر بارودۆختان دروستکردووە ؟) بەڵێ ڕێژەی(47.6%) ، تاڕادەیەک ڕێژەی (35.7%)، نەخێرڕێژەی(16.7%). لێرەدا دەگەین بەو ئەنجامەی کە پشکنین و پۆڵێنکردنی نەوجەوانان لە ئاستێکی باشدا نییە.

One-Sample Kolmogorov-Smirnov Test

| | | پشکنین و پۆلێنکردن |
|---|---|---|
| N | | 42 |
| Normal Parameters[a,b] | Mean | 7.9286 |
| | Std. Deviation | 2.23490 |
| Most Extreme Differences | Absolute | .161 |
| | Positive | .161 |
| | Negative | -.133 |
| Test Statistic | | .161 |
| Asymp. Sig. (2-tailed) | | .008[c] |

a. Test distribution is Normal.

b. Calculated from data.

c. Lilliefors Significance Correction.




دابەشبوونی داتاکە نۆرماڵە، ناوەندەژمێرەیی بریتییە لە(7.92)، لادانی پێوەری(2.23) ، دەلالەتی ئاماری: بەهای(p-value) بریتییە لە(0.008) و گەورەترە لە (0.005)، کەواتە داتاکە بەڵگەداری ئاماری نییە و ڕەوشی پشکنین و پۆلێنکردن باش نییە.

**تەوەری دووەم: خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی**

سەبارەت بە شیکاری پرسیارەکانی تەوەرەی دووەم: پرسیاری یەکەم(پەیوەندیت باشە لەگەڵ کارمەندانی ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی؟) بەڵێ ڕێژەی(66.7%) ، تاڕادەیەک بەڕێژەی (21.4%)، نەخێر (11.9%).پرسیاری دووەم (پێتوایە ڕێگەتان دراوە کەسوکارتان بەپێی پێویست سەردانتان بکەن؟) بەڵێ بەڕێژەی(50%)، تاڕادەیەک بەڕێژەی (33.3%)، نەخێر بەڕێژەی (16.7%). پرسیاری سێیەم(پێتوایە توێژەرانی کۆمەڵایەتی ناو بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی بەدەنگ داخوازی و پیداویستییەکانتەوە دێن؟) بەڵێ بەڕێژەی (54.8% )، تاڕادەیەک بەڕێژەی (35.7% )، نەخێر بە ڕێژەی (9.5%). پرسیاری چوارەم(ئایا متمانەت بە توێژەری کۆمەڵایەتی ناو بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی هەیە؟) بەڵێ بەڕێژەی (54.8%)، تاڕادەیەک بەڕێژەی (40.5% )، نەخێر بەڕێژەی (4.8% ). پرسیاری پێنجەم(ئایا نامە گۆڕینەوە و پەیوەندی تەلەفۆنیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت هەیە؟) بەڵێ بەڕێژەی (54.8% )، تاڕادەیەک بەڕێژەی (28.6% )، نەخێر بەڕێژەی (16.7% ). پرسیاری شەشەم(ئایا سوودمەند بوویت لە مۆڵەتی کاتی چونەدەرەوە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی؟) بەڵێ بەڕێژەی (40.5% )، تاڕادەیەک بەڕێژەی (26.2% )، نەخێر بەڕێژەی (16.7% ). پرسیاری حەوتەم(ئایا ڕێگەت پێدراوە لەگەڵ هاوڕێکانت لەناو بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیدا بەشداری چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان بکەیت؟) بەڵێ داوەتەوە بەڕێژەی (52.4% )، تاڕادەیەک بەڕێژەی (31%) نەخێر بەڕێژەی (16.7% ). پرسیاری هەشتەم(ئایا خولی ڕێنماییکردن و شیاندنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ نەوجەوانان لەلایەن کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازییەوە ئەنجام دەدرێت؟) بەڵێ بەڕێژەی (45.2% )، تاڕادەیەک بەڕێژەی (40.5% )، نەخێر بەڕێژەی (14.3% ). پرسیاری نۆیەم(ئایا لەلایەن کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازییەوە مامەڵەی نەشیاوت لەگەڵدا کراوە؟) نەخێر بەڕێژەی (54.8% )، تاڕادەیەک بەڕێژەی (28.6% )، بەڵێ بەڕێژەی (16.7% ). پرسیاری دەیەم(ئایا کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی داواکارییەکانت بە هەند وەردەگرن؟) تاڕادەیەک بەڕێژەی (54.8% )، بەڵێ بەڕێژەی (38.1% )، نەخێر بەڕێژەی (7.1% ). پرسیاری یازدە(ئایا توێژەرانی کۆمەڵایەتی ڕێنماییان کردووی کە چۆن مامەڵە بکەیت لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی و دوای دەرچوون لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی؟) بەڵێ بەڕێژەی (59.5% )، تاڕادەیەک بەڕێژەی (33.3% )، نەخێر بەڕێژەی (7.1% ). وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە.

**One-Sample Kolmogorov-Smirnov Test**

| | | خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|
| N | | 42 |
| Normal Parameters[a,b] | Mean | 25.4048 |
| | Std. Deviation | 4.72698 |
| Most Extreme Differences | Absolute | .169 |
| | Positive | .118 |
| | Negative | -.169 |
| Test Statistic | | .169 |
| Asymp. Sig. (2-tailed) | | .004[c] |

a. Test distribution is Normal.

b. Calculated from data.

c. Lilliefors Significance Correction.




دابەشبوونی داتاکە نۆرماڵە، ناوەندەژمێرەیی بریتییە لە(25.40)، لادانی پێوەری(4.72) ، دەلالەتی ئاماری: بەهای(p-value) بریتییە لە(0.004) و بچوکترە لە (0.005)، کەواتە داتاکە بەڵگەداری ئاماری هەیە و ڕەوشی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی باشدایە.

**تەوەری سێیەم: خزمەتگوزاری دەروونی:**

سەبارەت بە شیکاری پرسیارەکانی تەوەری سێیەم، لە پرسیاری یەکەمدا(پێتوایە هاتنت بۆ ناو چاکسازی کاریگەریی خراپی لەسەر باردۆخی دەروونیت هەبووە؟) بەڵێ بەڕێژەی (64.3%) ، نەخێر بەڕێژەی(28.6%)، تا ڕادەیەک بەڕێژەی(7.1%).پرسیاری دووەم(ئایا لەوەتەی لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیدایت، هەستدەکەی ڕەوشی دەروونیت باشتر بوە؟)نەخێر بەڕێژەی (54.8%) ، بەڵێ بەڕێژەی (33.3%) وە تاڕادەیەک بەڕێژەی(11.9%).پرسیاری سێیەم(ئایا هیچ کاتێک تووشی ئازاردانی دەروونی بوویت لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی؟) نەخێر بە ڕێژەی(42.9%) ، بەڵێ ڕێژەی (26.2%) ، تاڕادەیەک بە ڕێژەی(31.0%) وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە.

**One-Sample Kolmogorov-Smirnov Test**

| | | خزمەتگوزاری دەروونی |
|---|---|---|
| N | | 42 |
| Normal Parameters[a,b] | Mean | 5.9762 |
| | Std. Deviation | 1.47314 |
| Most Extreme Differences | Absolute | .175 |
| | Positive | .175 |
| | Negative | -.159 |
| Test Statistic | | .175 |
| Asymp. Sig. (2-tailed) | | .002[c] |

a. Test distribution is Normal.

b. Calculated from data.

c. Lilliefors Significance Correction.




دابەشبوونی داتاکە نۆرماڵە، ناوەندەژمێرەیی بریتییە لە(5.97)، لادانی پێوەری(1.47) ، دەلالەتی ئاماری: بەهای(p-value) بریتییە لە(0.002) و بچوکترە لە (0.005)، کەواتە داتاکە بەڵگەداری ئاماری هەیە و ڕەوشی خزمەتگوزاری دەروونی لە ئاستێکی باشدایە.

### تەوەری چوارەم: خزمەتگوزاری تەندروستی

سەبارەت بە خزمەتگوزاری تەندروستی لە پرسیاری یەکەمدا(ئایا لە شوێنی خەوتن و پشوودانت ڕەچاوی سیستەمی ساردی و گەرمی، ڕووناکی و هەوا گۆڕکێی تێدا کراوە؟) بەڵێ بە ڕێژەی (69.0%) ، تا ڕادەیەک بەڕێژەی(21.4%) وە نەخێر بەڕێژەی(9.5%). پرسیاری دووەم(ئایا ئەو خواردنەی کە لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیدا پێتان دەدرێت تەندروستە؟) تا ڕادەیەک بەڕێژەی(54.8%) بەڵێ بەڕێژەی (33.3%) وە نەخێر بەڕێژەی(11.9%) وەڵامیان داوەتەوە. پرسیاری سێیەم(ئەو خواردنانەی کە لە ژەمەکان پێشکەشتان دەکرێت بەدڵتە؟) تا ڕادەیەک بەڕێژەی (38.1%)، بەڵێ بەڕێژەی (33.3%) وە نەخێر بەڕێژەی(28.6%). پرسیاری چوارەم(لەکاتی نەخۆش کەوتن و حاڵەتی لەناکاو چارەسەری تەندروستی خێرات بۆ دەکرێت؟) بەڵێ بە ڕێژەی(26.2%) ، تا ڕادەیەک بەڕێژەی(50%) وە نەخێر بەڕێژەی(23.8%). پرسیاری پێنجەم(ئایا پشکنینی هەفتانە، مانگانە و ساڵانەتان بۆئەنجام دەدرێت؟) نەخێر بەڕێژەی(42.9%) بەڵێ بەرێژەی (38.1%) ، تا ڕادەیەک بەڕێژەی(19.0%) وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە.

**One-Sample Kolmogorov-Smirnov Test**

| | | خزمەتگوزاری تەندروستی |
|---|---|---|
| N | | 42 |
| Normal Parameters[a,b] | Mean | 10.8333 |
| | Std. Deviation | 2.37791 |
| Most Extreme Differences | Absolute | .188 |
| | Positive | .110 |
| | Negative | -.188 |
| Test Statistic | | .188 |
| Asymp. Sig. (2-tailed) | | .001[c] |

a. Test distribution is Normal.

b. Calculated from data.

c. Lilliefors Significance Correction.




دابەشبوونی داتاکە نۆرماڵە، ناوەندەژمێرەیی

بریتییە لە(10.83)، لادانی پێوەری(2.37) ، دەلالەتی ئاماری: بەهای(p-value) بریتییە لە(0.001) و بچوکترە لە (0.005)، کەواتە داتاکە بەڵگەداری ئاماری بەهێزی هەیە و ڕەوشی خزمەتگوزاری تەندروستی لە ئاستێکی باشدایە.

### تەوەری پێنجەم : خزمەتگوزاری پەروەردە و فێرکردن

لە پرسیاری یەکەم(ئایا کارئاسانیتان بۆکراوە بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن؟) تا ڕادەیەک بە ڕێژەی(59.0%) ، بەڵێ بەڕێژەی(38.1%)، نەخێر بەڕێژەی(2.4%). پرسیاری دووەم(ئایا ئاشنایت بە ڕێنمایی و یاساکانی ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی؟) بەڵێ ڕێژەی(69.0%)، تاڕادەیەک بە ڕێژەی (28.6%) ،نەخێر بە ڕێژەی(2.4%). پرسیاری سێەم( ئایا کردنەوەی خوولی پەروەردەیی و فێرکاری بەسوودە بۆ نەوجەوانان؟) بەڵێ بە ڕێژەی(57.1%) ،تاڕادەیەک بە ڕێژەی (35.7) ، نەخێر بە ڕێژەی(7.1%). پرسیاری چوارەم ئایا هەبوونی کتێبخانە لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی یارمەتیدەرە بۆ باشتربوونی ئاستی پەروەردەیی نەوجەوانان؟) بەڵێ ڕێژەی(61.9%) ، تاڕادەیەک بە ڕێژەی (33.3%) ، نەخێر بە ڕێژەی(4.8%).

پرسیاری پێنجەم ( ئایا بەپێی پێویست پێداویستییەکانی قوتابخانە بۆ نەوجەوانان دابینکراوە؟) بەڵێ بە ڕێژەی(59.5%) ، تاڕادەیەک بەڕێژەی(35.7)،نەخێر بە ڕێژەی(4.8%). پرسیاری شەشەم(ئایا لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیدا گرنگیدراوە بە ئامرازەکانی پەروەردەو فێرکردنی نەودجەوانان؟) بەڵێ ڕێژەی(71.4) ، تاڕادەیەک بەڕێژەی(21.4%) ، نەخێر بە ڕێژەی(7.1). پرسیاری حەوتەم( ئایا پرۆگرامە پەروەردەیی و فێرکارییەکان یارمەتیدەرن بۆ باشترکردنی ئاستی پەروەردەیی نەوجەوانان؟) بەڵێ بە ڕێژەی (64.3%)، تاڕادەیەک بە ڕێژەی(31.0%) نەخێر بە ڕێژەی(4.8%) وەڵامیان داوەتەوە.

**One-Sample Kolmogorov-Smirnov Test**

| | | خزمەتگوزاری پەروەردە و فێرکردن |
|---|---|---|
| N | | 42 |
| Normal Parameters[a,b] | Mean | 17.8810 |
| | Std. Deviation | 1.99025 |
| Most Extreme Differences | Absolute | .167 |
| | Positive | .113 |
| | Negative | -.167 |
| Test Statistic | | .167 |
| Asymp. Sig. (2-tailed) | | .005[c] |

a. Test distribution is Normal.

b. Calculated from data.

c. Lilliefors Significance Correction.




دابەشبوونی داتاکە نۆرماڵە، ناوەندەژمێرەیی بریتییە لە(17.88)، لادانی پێوەری(1.99) ، دەلالەتی ئاماری: بەهای(p-value) بریتییە لە(0.005) و یەکسانە بە (0.005)، کەواتە داتاکە بەڵگەداری ئاماری بەهێزی هەیە و ڕەوشی خزمەتگوزاری تەندروستی لە ئاستێکی باشدایە.

### تەوەری شەشەم: خزمەتگوزاری ئابوری

لە پرسیاری یەکەمدا( ئایا هیچ برە پارەیەکتان پێدەدرێت بۆخەرجی خۆتان؟) نەخێر بە ڕێژەی(57.1)،بەڵێ بەڕێژەی(33.3%) تاڕادەیەک بە ڕێژەی (9.5%). پرسیاری دووەم( ئایا ئەندامانی خێزان و کەسوکارتان هاوکاری مادديتان دەکەن؟) بەڵێ بە ڕێژەی (52.4%)، نەخێر بە ڕێژەی (23.8%) تاڕادەیەک بە ڕێژەی (23.8%).پرسیاری سێیەم( ئایا هیچ کار و پیشەیەکی دەستی دەزانی کە ببێتە سەرچاوەیەکی داهات بۆت؟) بەڵێ بە ڕێژەی (52.4%)، نەخێر بەڕێژەی(35.7%) تاڕادەیەک بەڕێژەی ( 11.9%).

پرسیاری چوارەم و کۆتادا ( ئایا جل و بەرگ و پێداویاتی خەوتنی تەندروستتان بۆ دابین دەکرێت؟) نەخێر بەڕێژەی(38.1%) تاڕادەیەک بەڕێژەی(38.1%) ، بەڵێ بەڕێژەی (23.8%) وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە.

| One-Sample Kolmogorov-Smirnov Test | | |
|---|---|---|
| | | ئابوری خزمەتگوزاری |
| N | | 42 |
| Normal Parameters[a,b] | Mean | 8.0714 |
| | Std. Deviation | 2.20192 |
| Most Extreme Differences | Absolute | .136 |
| | Positive | .136 |
| | Negative | -.119 |
| Test Statistic | | .136 |
| Asymp. Sig. (2-tailed) | | .049[c] |
| a. Test distribution is Normal. | | |
| b. Calculated from data. | | |
| c. Lilliefors Significance Correction. | | |




دابەشبوونی داتاکە نۆرماڵە، ناوەندەژمێرەیی بریتییە لە(8.07)، لادانی پێوەری(2.20) ، دەلالەتی ئاماری: بەهای(p-value) بریتییە لە(0.004) و بچوکترە لە (0.005)، کەواتە داتاکە بەڵگەداری ئاماری هەیە و ڕەوشی خزمەتگوزاری ئابوری لە ئاستێکی باشدایە.

### 4.1.8 دووەم: لە ڕوانگەی مامۆستایان، توێژەرانی کۆمەڵایەتیی و دەروونییەوە.

لەم تەوەرە توێژەر ئامانجیەتی بزانێت ئەو خزمەتگوزاریە چین و چۆنن کە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان پێشکەشی نەوجەوانان دەکرێت؟، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەڵساوە بە ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەشێک لە (مامۆستایان، توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی) و ئاراستەکردنی چەند پرسیارێک بۆ مامۆستایان، توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی، هەریەکەیان بەپێی ئەزموونی کارکردن و بیروبۆچوونیان، وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە و سەرنج و تێبینی خۆیان خستۆتەڕوو، لە خوارەودا کۆی ئەو چاوپێکەوتنانە دەخەینە ڕوو:

**یەکەم: لە ڕوانگەی مامۆستایان:**

**1 - مامۆستا (سروە یاسین عولا، بەڕێوەبەر و مامۆستا لە قوتابخانەی ڕووناکی لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر)** .سەرەتا توێژەر لەو پرسیارەوە دەستی پێکردووە ئایا تا چەند گرنگە مامۆستایان بەشداری لە خوول و ڕاهێنانی تایبەت بکەن سەبارەت بە شێوازی کارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ نەوجەوانان؟ مامۆستای ناوبراو ڕایگەیاند کە ( بەشداریکردنی مامۆستایان لە خوول و ڕاهێنانی تایبەت بە نەوجەوانان زۆر گرنگە، سەبارەت بە شێوازی کارکردن و هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ نەوجەوانان دا). ئەو وەک بەڕێوەبەر و مامۆستا ڕاپۆرتی تایبەتی ئامادە دەکات لەسەر بارودۆخی نەوجەوانان و ئاراستەی توێژەری تایبەتمەند لە ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی دەکات بە تایبەت ئەگەر هاتوو نەوجەوان دووچاری گرفتێک هات لەگەڵ یەکێک لە ستافی قوتابخانە بۆ دەستنیشانکردنی هۆکاری کێشەکە و دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو. پرسیار کرا دەربارەی هەماهەنگی لەگەڵ خێزانی نەوجەوانان دا چۆنە؟ مامۆستا ئاماژەی بەوە کرد کە( هەماهەنگی لەگەڵ خێزانی نەوجەوان زیاتر لە

ڕێگەی توێژەران و دواتریش ئیدارەی چاکسازییەوە ئەنجام دەدرێت بـۆ باشـترکردنی بـارودۆخی نەوجەوانـان، هاوکـات بەشـێک لە نەوجەوانان هیچ مهاجەیەکیان نییە کارگێڕی قوتابخانە کەمێک هاوکاری ماددیان دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە خوێنـدن بەردەوام بـن و لێـی دانەبـڕێن). پرسـیارکرا سـەبارەت بە هەمـاهەنگی مامۆسـتایان و سـتافی کـارگێڕی چاکسـازی و تـوێژەران لە چ ئاسـتێکدایە؟ مامۆستای ناوبراو ڕایگەیاند (هەماهەنگییەکی زۆرباش لە نێوان بەڕێوەبەری قوتابخانە و توێژەرانی ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسـازی دا هەیە، ئەگەر هاتوو نەوجەوان دووچاری هەر گرفتێک هات خودی بەڕێوەبەر و یاریـدەدەرەکەی پەیوەنـدی بە تـوێژەرانەوە دەکەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە". لە درێژەی گفتوگۆکەدا پرسیار کرا سەبارەت بە بەردەسـتبوونی ئامرازەکـانی پەروەردە و فێرکـردن لە چ ئاستێکدان؟ مامۆستا لە وەڵامدا ئاماژەی بەوەکرد (ئامرازەکانی پەروەردە و فێرکردن لە ئاسـتێکی باشـدان، بەشـێکی لە لایەن خـودی قوتابخـانەوە دابـین دەکرێـت و بە شێکیشـی لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی چاکسـازییەوە) . هەرچەنـدە مامۆسـتای نـاوبراو ئامـاژەی بە پێویستی بوونی تاقیگە کرد بە تایبەت بۆ ئەو وانانەی کە کردارین و ئەو پێی وابوو ڕەنگە بەهـۆی هەسـتیاری شـوێنەکەوە ئەو بـابەتە کاری لەسەر نەکرابێت. مامۆستا لەکۆتـایی قسـەکانیدا ئامـاژەی بە( گرنگـی بەڕێـوەبەرایەتی چاکسـازی کـرد بەوەی توانیـویەتی ببێـتە ناوەندێکی زۆر باش بۆ گۆڕینی ڕەفتاری نەوجەوانان و شیاندنەوەیان بەشێوازێکی دروست و ئامادەکردنیان بۆ دووبـارە گەڕانەوە بـۆ ناو خێزان و کۆمەڵگا). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە؛ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان وەک ناوەندێکی گرنگ کاردەکات بۆ دووبارە ڕاهێنانەوە و گرنگیدانێکی زۆر بە لایەنی پەروەردەیی و فێرکردنی نەوجەوانان بە ئامانجی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی تـاکێکی سوود بەخش بۆ کۆمەڵگا و هێنانەدی و گۆڕانکاری لە کەسایەتی نەوجەوانان دا بەرەو ئاراستەیەکی باشتر.

**2 - مامۆستا (لانە عبداللە نادر، لە قوتابخانەی ڕووناکی لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر). پرسـیمان تا چەند گرنگە مامۆستا بەشدار خوول و سمینای تایبەت بە شێوازی مامەڵکردن لەگەڵ نەوجەوانان دا بکات؟** مامۆستا پێـی وابوو (پێویستە بەردەوام هەوڵی بەشداریکردن لە خول و سمینار دا بکرێت سەبارەت بە شێوازی وانەوتنەوە و مـامەڵەکردن لەگەڵ نەوجەوانان، ئاماژە بەوە کرد لە ساڵی ٢٠١٨ بەشداری لە خوولی تایبەت کردووە کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کـۆمەڵایەتییەوە ئەنجامـدراوە بـۆ باشـترکردنی ئەدای مامۆسـتا و بەرزکـردنەوەی توانـای ئەکـادیمی مامۆسـتایانی نـاو قوتابخـانەی بەڕێـوەبەرایەتی چاکسازی). پرسیار کرا سەبارەت بە هەماهەنگی مامۆستایان لەگەڵ خێزانی نەوجەوانـان دا ؟ مامۆسـتا باسـی لە هەمـاهەنگی نێـوان مامۆستایان و خێزانی نەوجەوانان کرد و ووتی ( ئەگەر هاتوو پێویست بـوو ئەوا لە ڕێگەی تـوێژەرانەوە ئەو هەمـاهەنگییە ئەنجـام دەدرێت). هەروەهـا ئامـاژەی بەپەیوەنـدییەکی بەهێـزی نێـوان مامۆسـتایان و تـوێژەران کـرد ( هەردوو لا وەک تەواوکـاری یەکـتری هەوڵی خۆیـان دەدەن بـۆ خزمەتکردنـی نەوجەوانـان) . لە درێـژەی چـاوپێکەوتنەکەدا مامۆسـتا ئامـاژەی بە دابینکردنـی ئامرازەکـانی پەروەردە و فێرکردن کرد و ڕایگەیاند( دابینکردنیان لە ئاستێکی باشدایە و لەئاست ویستی ئەواندایە). لە کۆتایدا ئاماژەی بە (گرنگی و پێگەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کرد و پێی وابوو (بووەتە پاڵپشت و ناوەندێک بۆ پێگەیاندن و شیاندنەوەی نەوجەوانان و تەنـانەت بەشێک لە نەوجەوانان دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی قوتابخـانە توانیویـانە کە لە زانکـۆ و پەیمانگاکـان درێـژە بە خوێنـدن بدەن). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت یەگەر بێت و مامۆستایان و ستافی قوتابخانە بە پرۆسەیەکی گشتگیری ڕاهێنان دا بڕۆن سـەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردنێکی دروست لە گەڵ نەوجەوانان دا و ئاشنابوون بە ئامراز و پرۆگرامە فێرکارییەکان ئەوا ؛ پرۆسەی چاکسازی باشتر و کاریگەر تر دەتوانێت ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی بپێکێت لە شیاندنەوە و پەروەردە کردنێکی تەندروستی نەوجەوانان.

**2 – دووەم: لە ڕوانگەی توێژەرانەوە**

**1 - توێژەری کۆمەڵایەتی (صادق زوار سـلێمان، لەبەشـی چـاودێری کـوڕان لە بەڕێـوەبەرایەتی چاکسـازی ژنـان و منـداڵانی هەولێر).** توێژەری ناوبراو ڕایگەیاند( ماوەی چواردە ساڵە خزمەت دەکات لە بەشی کوڕان لە ناو بەڕێـوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر). ناوبراو ئاماژەی بە شێوازی کارکردنیخۆیدا و گـووتی (زیـاتر پێشـکەش کردنـی خزمەتگوزاری پاڵپشـتی دەروونـی-کۆمەڵایەتییە(Psycho social support) بۆ نەوجەوانان بە شـێوازی ڕووبەڕوو(face to face) کە یارمەتیـدەرێکی زۆر باشـە بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی نەوجەوان و شیاندنەوەیان. وە کارکردن لەسەر بنەمای کەیسـی تـایبەت بە تـایبەت ئەو نەوجەوانـانەی کە لەسەر بابەتی(LGBT) دەستگیر کراون پێویستییان بە لێکۆڵینەوە و چارەسەری وردتر هەیە .

ناوبراو ڕایگەیاند (ئەزموونێکی باشی لە کـارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـای مەدەنیـدا هەیە و بەشـداری چەنـدین خـوول و ڕاهێنانی کردووە سەبارەت بەشێوازی کارکردن و مامەڵە کردن لەگەڵ توێژی نەوجەوانان لە ناو چاکسازی)، ئەو پێـی وابـوو( تـوێژەر دەبێت هەوڵی بەردەوام بدات بۆ بەشداریکردن لە خوول و سمینار و چـالاکی زانسـتی بە ئامـانجی زیـاتر دەوڵەمەنـدکردنی لایەنـی

مەعریفی و پیشەیی). لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو پێویست بوو ئەوا ڕاپۆرتی تایبەت دەنووسرێت سەبارەت بە بارودۆخ و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە نەوجەوان دا ڕوویان داوە و بە ئاراستە باش هەنگاوی ناوە.

لە درێژەی گفتوگۆکەدا توێژەری ناوبراو ئاماژەی بە پەیوەندی نێوان توێژەران و خێزانی نەوجەوانان دا ( بە جۆرێکە بەشێک لە خێزانەکان یارمەتیدەر و هاوکارن بۆ باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسەی چاکسازی ڕۆلەکانیان و دووبارە گێڕانەوەیان بۆ ناو خێزانەکانیان، لە کاتێکدا بەشێک لە خێزانەکان گرنگییەکی ئەوتۆ نادەن بە منداڵەکانیان و نایانەوێت جارێکیتر بگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان چونکە پێیان وایە بەو کارەی ئەنجامیان داوە بۆتە هۆی نەنگی و شەرم بۆ خیزانەکانیان). ناوبراو پێی وایە( توێژەران هەماهەنگی و هاوکارییەکی تەواویان لە نێوان دا هەیە بەجۆرێک وەک یەک تیمی یەکگرتوو کار دەکەن بۆ باشتر کردنی بارودۆخی نەوجەوان و شیاندنەوەیان بە ڕێگایەکی زانستی بۆ ئەوەی ببنە تاکێکی بەسوود بۆ خۆیان و دەوروبەریان). لە میانەی وەڵامی پرسیارەکاندا توێژەر ئاماژەی بەوە کرد ( بە هۆی نەگونجاوی بینای چاکسازی و نەبوونی شوێنێکی بەرفراوان نەتوانراوە وەک پێویست نەوجەوانان جیابکرێنەوە و لە ئاست ویستی توێژەران دا نیە). لێرەدا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، وێڕای ئەوەی توێژەران بەو پەڕی توانایانەوە هەوڵی خزمەتکردنی نەوجەوانان دەدەن، بەڵام زۆربەی کات بەهۆی ئەو ئاستەنگە جۆربەجۆرانەی کە دێنە بەردەمیان بەشێوازێکی تەندروست ناتوانن پیادەی پرۆسەی چاکسازی و شیاندنەوە بکەن. بۆیە فەراهەمکردنی ژینگە و بارودۆخێکی گونجاو کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی چاکسازی و شیاندنەوەی نەوجەوانان هەیە.

**2- توێژەری کۆمەڵایەتی (دیمەن حەیدەر ئیبڕاهیم، لەبەشی چاودێری کچان و ژنان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر).** توێژەر بۆ ماوەی ١٠ ساڵە وەک توێژەر لە بەشی ئافرەتان کار دەکات و خزمەت بە نەوجەوانە کچەکان و ئافرەتان دەکات کە لە چاکسازیدا حوکم دەدرێن یاخود ڕادەگیرێن. ناوبراو ڕایگەیاند (بەشداری خول و سمینار و ڕاهێنانی تایبەتی کردووە سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ نەوجەوانان و ئافرەتان و ئەو کەیسانەی کە دێنە بەردەمی). هاوکات ئاماژەی دا بەوەی (هەماهەنگییەکی زۆرباش لەگەڵ خێزانی نەوجەوانان دا هەیە و هەوڵ دەدرێت کە قەناعەت بە خێزانی نەوجەوانەکە بکرێت کە ئاشتەوایی بکەن پێش قۆناغی دادگایی کردن و دیاریکردنی ماوەی سزاکەی). توێژەر پێی وابوو( هەوڵی جددی و تەواو دەدرێت بۆ شیاندنەوەی نەوجەوانان بە ڕێگایەکی زانستی و دووبارە گێڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا بەڵام بەهۆی ئەوەی چاودێری پاشینە لە بەشی کچان بوونی نیە توێژەر ڕێنمایی ئافرەتان و نەوجەوانە کچەکان دەکات کە دوای دەرچوونیان لە چاکسازی پەنا ببەنە بەر شوێنی داڵدەدانی ئافرەتان(shelter) بۆ پاراستن و بە سەلامەتی مانەوەیان). توێژەر باسی لە ئەدای لایەنی فەرمی کرد و ڕایگەیاند( لە ئاستێکی زۆر باشدایە، هەفتانە دکتۆری دەروونی پسپۆڕ سەردانی نەوجەوانان دەکات بۆ دەستنیشانکردنی گرفتە دەروونییەکانی نەوجەوانان و پێدانی دەرمان ئەگەر هاتوو پێویست بوو). لە درێژەی گفتوگۆکەدا توێژەر وتی( ئەرکی دابینکردنی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکانیش بەشیکی لە ئەستۆی خودی نەوجەوانانە بە تایبەت ئەوانەی توانای دابینکردنیان هەیە و ئەو نەوجەوانانەشی کە کەس و کاریان دیار نیە ئیدارەی چاکسازی دابینی دەکات). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ڕەگەزی مێینە زیاتر دووچاری گرفت دەبنەوە بەتایبەت دوای تەواوکردنی ماوەی مانەوەیان لەناو دامەزراوە جاکسسازییەکان دا ، ئەمەش بۆهۆی کلتور و داب و نەریتی کۆمەلایەتییەوەیە، بەشێک لە خێزانەکان ناتوانن کچەکانیان یاخود ئافرەتەکانیان قبوڵبکەنەوە و ڕێگەیان بدەن بێنەوە ناو خێزانەکانیان و زۆرجار تووشی کوشتن دەبنەوە.

**1-توێژەری دەروونی (سوار طاهر ڕەحیم، لە بەشی چاودێری پاشینەی کوڕان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر).** ناوبراو ماوەی ١٤ ساڵە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر لە بەشی چاودێری پاشینەی کوڕان خزمەت دەکات. ناوبراو ڕایگەیاند(پێشتر وەک ڕاهێنەر کاریکردووە و ئەزموونێکی باشی هەیە لەسەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیس و نەوجەوانان). هاوکات ئاماژەی بە( ڕاپۆرتی ڕۆژانە کرد لەسەر بارودۆخی نەوجەوانان بە شێوەیەکی گشتی). ناوبراو پێی ڕاگەیاندین (بەشی چاودێری پاشینە بۆ بە دواداچوونی ئەو بەند کراوانەی کە ماوەی ٣ مانگیان ماوە بۆ ئازادبوون وە ٣ مانگیش دوای ئازادبوونیان بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت بۆ دڵنیابوون لە بارودۆخ و ژیانیان) . توێژەر ئاماژەی بە جۆرێک لە ئازادبوونی نەوجەوانان کرد ئەویش(ئازادبوونی مەرجدار(افراج شرط) ی پێدەگوترێت، دوای هەڵسەنگاندنی نەوجەوان لەلایەن سەرجەم بەش و هۆبە پەیوەندیدارەکان و نووسینی ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل لەلایەن هۆبەی چاودێری پاشینە لەسەر بارودۆخی نەوجەوان بۆ داواکاری گشتی کە تیایدا ئاماژە بە گۆڕانکاری لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی نەوجەوان دەکرێت کە بە ئاراستەی باش هەنگاوی ناوە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە سێ بەشی سزاکەی بەشێکی کەمبکرێتەوە و نەوجەوان پێش وادەی خۆی ئازاد ببێت). کەواتە دەتوانین بڵێین، هۆبەی چاودێری پاشینە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی شیاندنەوەی نەوجەوانان و یارمەتیدەرێکی زۆرباشە بۆ نەوجەوانان بۆ

ئەوەی بتوانن بەشێوازێکی دروست پرۆسەی چاکسازی تەواو بکەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەدواداچوون بۆ بارودۆخی نەوجەوانان دەکات هەم لەپێش ئازادبوون و هەمیش لەدوای ئازادبوونیان لە چاکسازی و هەوڵی ئاساییکردنەوەی بارودۆخ و ژیانیان دەدرێت بۆئەوەی جارێکی تر نەگەڕێنەوە سەر هەمان لادانی کۆمەڵایەتی کە دووچاریان هاتووە.

**3-توێژەری دەروونی (هۆشەنگ عوڵا شێخە، بەرپرسی بەشی ڕاگیراوان و چاودێری کوڕان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر).** ناوبراو ڕایگەیاند (بۆ ماوەی چواردە ساڵە خزمەت دەکات لە بەشی کوڕان لە ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر). هەروەها پێ ڕاگەیاندنین( بەشداریکردنی بەردەوامی لە خوول وڕاهێنانەکان هەیە کە لەلایەن ڕێکخراوی وچان سەرپەرشتی و جێبەجێدەکرێت و خزمەتگوزارییەکان لەبواری ئەشکەنجەدان، PTSD ، خەمۆکی، زەبری دەروونی و ماددەی هۆشبەر، ئاشناکردنی نەوجەوانان سەبارەت بە ماددەی هۆشبەر و شێوازی چارەسەر هاوکات ئاشناکردنی نەوجەوانان کە چۆن بزانن دووچاری زەبری دەروونی بوونەتەوە پێشکەش دەکرێن). ناوبراو ئاماژەی بە شێوازی کارکردنی خۆیدا و گووتی (لەسەر هەردوو ئاستی تاک و گروپ کاردەکات، بە جۆرێک لە سەر ئاستی تاک پرۆگرامی TFCBT بەکاردەهێنێت بۆ تێگەیشتنی گرفتی دەروونی نەوجەوانان و شێوازی چارەسەری وە لەسەر ئاستی گروپ هەردوو تەکنیکی group therapy و group life skill بە کاردەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە دەروونییانەی کە تایبەتن بە بەشێکی هەرە زۆری نەوجەوانانەوە). لە میانەی چاوپێکەوتنەکدا توێژەر پێی ڕاگەیاندین( ڕاپۆرتی تایبەت لەسەر بارودۆخی نەوجەوانان ئامادە دەکات بۆ زانین و ئاگاداربوون لە ڕەوشی دەروونیان کە بە چ ئاراستەیەک هەنگاوی ناوە. هەروەها باسی لە هەماهەنگییەکی زۆر باش لە نێوان توێژەران دا کردو ووتی(هەموویان وەک یەک تیم کاردەکەن بۆ یارمەتیدانی نەوجەوان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتەی کە دووچاری هاتووە هاوکات تێگەیشتن لە کێشەکە و دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو لەسەر بنەمایەکی زانستی). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت لایەنی دەروونی نەوجەوانان یەکێکە لەو لایەنانەی دەبێت بەشێوەیەکی ورد و زانستییانە کاری لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی باشتربوون یاخود خراپتربوونی ئەو لایەنە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی و شیاندنەوەی نەوجەوانان، تاوەکو بارودۆخی دەروونی باشتر بێت پرۆسەکە ئاسانتر و باشتر هەنهاو دەنێت وە بە پێچەوانەشەوە.

### 4-ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان.

#### 3-1-8ئەنجام

لە ئەنجامی چاوپێکەوتن و بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی، توێژەر بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١ – بەشی هەرەزۆری یەکەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێرن، ئەمەش بەهۆی داب و نەریت و کلتورەوە ڕەگەزی مێ کەمتر دێت بۆ ناو چاکسازییەکان. زۆربەی نەوجەوانان تەمەنیان لەنێوان (18-14) ساڵیدایە، ئاستی خوێندەواری زۆربەی نەوجەوانان لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان لە ئاستی سەرەتایی دایە. هاوکات شوێنی نیشتەجێبوونی نەوجەوانان بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ناوەندی پارێزگا. کەواتە لێرەدا یەوەمان بۆ دەردەکەوێت؛لاوازی ئاستی خوێندەواری و تەواونەکردنی قۆناغەکانی خوێندن یەکێکن لەو هۆکارانەی کە بوونەتە پاڵنەر بۆ نەوجەوانان بۆ ئەنجامدانی لادان و هاتنیان بۆ ناو بەرێوەبەرایەتی چاکسازی.

٢ – زۆربەی نەوجەوانان ڕازی نین لە و پشکنین و پۆلێنکردنەی کە لە سەرەتای هاتنیان بۆ ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی بۆیان ئەنجام دەدرێت، واتا خزمەتگوزاری پشکنین و پۆلێنکردن باش نییە، ئەمەش بەپاساوی نەبوونی شوێن و جێگەی پێویست. بۆیە جیانەکردنەوە و پشکنینێکی تەواو بۆ نەوجەوانان کاریگەری لەسەر پرۆسەی چاکسازی جێدەهێڵێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی گرفتی هەریەکێک لە نەوجەوانان لەوی تریان جیاوازە و وا پێویست دەکات کە هەر یەکێکیان بە شێوازێکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و هەوڵی گۆڕینی ڕەفتار و باشترکردنی بارودۆخیان بدرێت.

٣ – زۆربەی نەوجەوانان ڕازیبوون لەدابینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان . کەواتە گرنگییەکی تەواو دراوە بە دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو باشترکردنی بارودۆخ و کەسایەتی نەوجەوانان و ئامادەکردنیان بۆ دووبارە گەرانەوە بۆ ناو خێزان دوای تەواوکردنی ماوەی مانەوەیان لەناو چاکسازیدا.

٤ – نەوجەوانان ڕازینەبوون لەو خزمەتگوزارییە دەروونیانەی کە پیشکەشیان کراوە، ئەوان پێیان وابووە کە بەهۆی هاتنیان بۆ ناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی بارۆدۆخی دەروونیان زۆر خراپ بووە و زۆر کات دووچاری ئازاردانی دەروونی بوونەتەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ناتەواویەک هەیە لە ڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە دەروونییەکان و پێویستە باشتر بکرێت، هاوکات گرنگینەدانی تەواو بەم بوارە دەکرێت کاریگەری لەسەر نەوجەوان هەبێت بۆ دووبارە گەڕانەوە بۆ لادان و ئەنجامدانی تاوان.

٥ - بەشێوەیەکی گشتی نوجەوانان ڕازیبوون بەو خزمەتگوزارییە تەندروستیانەی کە پێشکەشیان دەکرێت. لەم سۆنگەیەوە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان مافێکی سەرەتایی هەر تاکێکە بەبێ ڕەچاوکردنی باروودۆخ و پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیای مرۆڤەوە هەیە و کەمتەرخەمیکردن تیایدا دەکرێت سەربکێشێت بۆ چەندین گرفت و تەنانەت کارەساتی مرۆیش.

٦ - لە ڕووی دابینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەروەردە و فێرکردن لە دیدی نوجەوانانەوە لە ئاستێکی باشدایە و پییان وایە کە هەموو کارئاسانییەکیان بۆکراوە بۆ بەردەوامبوون و درێژەدان بە پرۆسەی خوێندن. بۆیە دەکرێت بڵێین پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بەیەکێک لە کاریگەرترین ئەو هۆکارانە دادەنرێن لە سەرخستنی پرۆسەی شیاندنەوە و چاکسازی.

-٧ لە ڕووی خزمەتگوزاری ئابورییەوە ڕەوشی نوجەوانان باشە، هەندێکیان خێزان و کەسوکاریان هاوکاری ماددیان دەکەن و هەندێکیشیان کار و پیشەی دەستی دەکەن و کەمێک داهاتیان لێوەی دەست دەکەوێت. بۆیە گرنگە نوجەوانان پاڵپشتییەکی ماددیان هەبێت بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستییەکانیان.

٨ - لە ڕوانگەی نوجەوانان و مامۆستایانەوە دابینکردنی ئامرازەکانی پەروەردە و فێرکردن، گرنگیدان بە خزمەتگوزاریی پەروەردە و فێرکردنی نوجەوانان لەناو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی لە ئاستێکی زۆرباشدایە و هەماهەنگی تەواو لەنێوان خۆدی مامۆستایان و مامۆستا و توێژەران و مامۆستا و ستافی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیدا هەیە و هەموویان وەک یەک تیم کاردەکەن بۆ سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی و شیاندنەوەی نوجەوانان. کەواتە کارکردن بەشێوازی گروپ دەتوانێت ئەو ئامانجە بەدیبهێنێت کە کاری بۆ دەکرێت، لێرەشدا پرۆسەی چاکسازی پێویستی بە کارکردن بەشێوازی گروپ هەیە بۆ سەرخستنی پرۆسەکە .

٩ - توێژەران بەو پەڕی تواناياناوە هەوڵی خزمەتکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ دابینکردنی تەواوی خزمەتگوزارییەکانی نوجەوانان دەدەن. کەواتە ئەگەر بێت و توێژەران یاخود ئەوکەسانەی بەرکەوتەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ نوجەوانان هەیە، بەشێوازێکی پیشەییانە کارەکانیان ئەنجام بدەن، ئەوا بەشێوەیەکی سەرکەوتوو دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ نوجەوانان و شیاندنەوەیان بە باشترین شێواز و گێڕانەوەیان بۆ باروودۆخی ئاساییان.

-١٠ ڕۆڵی دەزگا فەرمی و نافەرمییەکان و هەماهەنگییان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەبواری چاودێری نوجەوانان،لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر لە ئاستێکی زۆر باشدایە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەتایبەت ئەوانەی لەبواری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەروونی کاردەکەن، ڕۆڵێکی کارایان هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە دەروونییەکان و بوونەتە پاڵپشت و یارمەتیدەرێکی زۆرباش بۆ لایەنی فەرمی، بەتایبەت کاتێک دەزگا فەرمییەکان وەک پێویست نەتوانن خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بکەن و پێویستییان بە هاوکاری و یارمەتیدانی لایەنە نافەرمییەکان دەبێت. بۆیە زۆر گرنگە بەردەوام هەماهەنگی و لێکتێگەیشتن لەنێوان لایەنی فەرمی و نافەرمی دا هەبێت لە پێناو پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ نوجەوانان لە چوارچێوەی دامەزراوە چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر.

### 3-1-8پێشنیاز بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو:

ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بە مەرجێك گشتگیرتر بێت و، زۆر لایەنی تری پەیوەست بە خزمەتگوزاری نوجەوانان لەخۆبگرێت؛ بۆیە پێشنیاز دەکەین، کاری وردتر لەم بوارەدا ئەنجامبدرێت و تێیدا بابەتی خزمەتگوزاری نوجەوانان بە هەند وەربگیرێت و کاری جدییان لەسەر بکرێت.

### 3-1-9-ڕاسپاردەکان:

- گرنگیدانی زیاتر بە خزمەتگوزاری نوجەوانان؛ ئەمەش لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی پەیوەندیدارەکان و خێزان ، بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا بە ئامانجی پەروەردەکردنی تاکێکی تەندروست و سوودبەخش.
- گرنگیدانی زیاتر بە باتی خزمەتگوزاری لەبواری نوجەوانان لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی، ئەمەش دەکرێت لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیەوە پیادەبکرێت؛ بەهۆی ئەوەی کە دامەزاراوەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری ئەو وەزارەتەدایە، بۆیە زۆر گرنگە کە هەماهەنگی تەواو هەبێت لەگەڵ وەزارەت و دامەزراوەکانی تردا بەئامانجی پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزارییە جۆر بەجۆرەکان بۆ نوجەوانان.

• گرنگیدانی زیاتر بە توێژی نەوجەوانان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، ئەمەش لە ڕێگای پرۆکرامەکانییەوە جێبەجێدەکرێت، زیاتر قوتابی/ خوێندکارەکان ئاشنابکرێن بە هەستیاری ئەو قۆناغە و شێوازەکانی مامەڵکردن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دەوروبەردا و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی قوتابیان و خوێندکاران.

• وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە ڕێگەی دامەزراوەکانی ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر هاووڵاتییانەوە هەیە، پێویستە ئەم وەزارەتە پلانی بۆ هاندانی مامۆستایانی ئایینی هەبێت، بۆ ئەمەش هەوڵ بدرێت مامۆستایان زیاتر وتار لەسەر پێکهاتەی خێزان و پاراستنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و ڕێزگرتنی مرۆڤ بێت.

• دەزگاکانی ڕاگەیاندن (بینراو، بیسراو و خوێندراو) زیاتر گرنگی بدەن بە بابەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و پرسە کۆمەڵایەتییەکان و هۆشیارکردنەوەی نەوجەوانان لەبەرامبەر ئەو مەترسییانەی کە دێنە بەردەمیان ، ئەمەش لە ڕێگای نووسین، پەخشکردن و بڵاوکراوەی کۆمەڵایەتی و، ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی.

## 4-لیستی سەرچاوەکان:


### سەرچاوە ی کوردی:

- ئەلحەسەن، ئیحسان محەمەد(2012)، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و: حەسەن، دانا ملا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- محمد، هیوا یاسین (٢٠١٠)، ڕەوشی بەندکراوان لە دامەزراوەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتیدا،: توێژینەوەیەکی مەیدانییە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی،سلێمانی.
- عبدالله، کوێستان علی(٢٠١٢)،ڕەوشی چاودێری کۆمەڵایەتی نەوجەوانان: توێژینەوەیەکی مەیدانییە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، سکولی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی سلێمانی.
- شوانی، محمد حسین (2015)، سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

### سەرچاوەی عەرەبی:

- أبونصر، مدحت محمد (2017)، مناهج البحث فی الخدمة الاجتماعية، المجموعة العربية للتدريب والنشر.
- ألحسن، احسان محمد و الحسني، عبد المنعم (1982)، طرق البحث الاجتماعي، جامعة موصل، مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة والنشر.
- ألحسن، احسان محمد(1982) مناهج البحث الاجتماعي.
- پيرداود، زانا احمد(2007) ، معوقات العمل الاصلاحی الاجتماعی فی سجون اقليم كردستان-العراق: دراسة ميدانية، رسالة ماجستر غير منشورة، مقدم الى قسم علم الاجتماع، كلية اداب ، جامعة صلاح الدين .
- تركی ، ابراهيم محمد،(2006)، دراسات فی مناهج البحث العلّمی ، دار الوفاء، اسكندرية، مصر .
- جباري, سامية و بدروني، فاطمة الزهرا(2017)ء. "دور الخدمة الاجتماعية في الحد من جنوح الأحداث دراسة حالة مصلحة التربية والملاحظة بالوسط المفتوح عين الدفلى.الجزائر" .
- حامد، عبد الناصر سليم (2012)، معجم مصطلحات الخدمة الاجتماعية، دار أسامة للنشر والتوزيع، الأردن.
- دويدري، رجاء وحيد( 2000 ) ، البحث العلمي (اساسياته النظرية وممارسته العملية)، ط١، دمشق-سوريا، دار الفكر.
- رشوان، حسين عبدالحميد أحمد (1989)، ميادين علم الاجتماع ومناهج البحث العلمي، ط4، الاسكندرية، المكتب الجامعي الحديث
- مذكور، إبراهيم(1985)، معجم العلوم الاجتماعية، الهيئة المصرية العا مة للكتاب، القاهرة.
- ملحم، سامي محمد (2006)، مناهج البحث في التربية وعلم النفس، ط4، عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

### سەرچاوە ی ئینگلیزی:

- Assembly, U.G., 1948. Universal declaration of human rights. UN General Assembly, 302(2), pp.14-25.
- Cook, W. E. (1924), “What Adolescence Is.” The Junior High School Clearing House 2, no. 5: 14–17. Available at: http://www.jstor.org/stable/30208941. Accessed in Jan 2022. .
- Healy, L.M., (2008). Exploring the history of social work as a human rights profession. International social work, 51(6), pp.735-748.
- Kivel, P., (2007). Social service or social change. Incite pp.129-149.
- Kumar, R., 2018. Research methodology: A step-by-step guide for beginners. Research methodology, pp.1-528.
- Maschi, T., Hatcher, S.S., Schwalbe, C.S. and Rosato, N.S., 2008. Mapping the social service pathways of youth to and through the juvenile justice system: A comprehensive review. Children and Youth Services Review, 30(12), pp.1376-1385.

- Muthomi, R.J. and Muthee, J., 2016. Analysis of Predictors of Behaviour Change among Children at Risk in Juvenile Rehabilitation Centres in Nairobi County, Kenya. Journal of Education and Practice, 7(30), pp.96-103.

- Naser, W.E., 2019. Assessment of the quality of life of Iraqi children with juvenile idiopathic arthritis: a single-center study. Med J Babylon, 16(1), p.65.

- Platt, A., 1969. The rise of the child-saving movement: A study in social policy and correctional reform. The ANNALS of the American Academy of Political and Social Science, 381(1), pp.21-38.

- Putney, S. and Putney, G.J., 1962. Origins of the Reformatory. J. Crim. L. Criminology & Police Sci., 53, p.437.

- Smith, W.M., 1969. On Adolescence. The Family Coordinator, 18(1), pp.91-93.

**واقع الخدمات في مجال رعاية الأحداث في مديرية النساء والأطفال في أربيل.**

**حمد خضر قادر**
قسم العمل الاجتماعى، كلية أداب، جامعة صلاح الدين،
أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق.
hamad.qadir@su.edu.krd

**عمر ابراهيم عزيز**
قسم علم النفس، كلية أداب، جامعة صلاح الدين،
أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق.
omar.azeez@su.edu.krdq

**ملخص**

تهدف الدراسة إلى عرض واقع الخدمة في مجال رعاية الأحداث في مديرية إصلاحية النساء والأطفال في أربيل ، من وجهة نظر الأحداث والمعلمين والباحثين الاجتماعيين والنفسيين في المديرية الإصلاحية. هذه الدراسة عبارة عن دراسة وصفية تحليلية ، طرق مختلطة مستخدمة ، تشمل مسح اجتماعي شامل ومقابلات. تم استخدام البرمجيات الإحصائية (SPSS) في العلوم الاجتماعية. مجتمع البحث هو مديرية إصلاحية النساء والأطفال في أربيل. النتائج: معظم الأحداث هم من الذكور والإناث تقليديا أقل احتمالا للإحالة إلى إصلاحيات النساء والأطفال ؛ الوضع الخدمي في مجال رعاية الأحداث جيد من وجهة نظر الأحداث والمعلمين والباحثين الاجتماعيين والنفسيين ، وهناك تنسيق جيد جدا بين الجهات الرسمية وغير الرسمية. توصية؛ وقد تم توجيهها إلى وزارة العمل والشؤون الاجتماعية لتحسين الخدمات. اقتراحات ؛ قم بإجراء بحث مماثل ، بشرط أن يكون أكثر شمولاً وأن يتضمن العديد من الجوانب الأخرى لخدمات الشباب.

**الكلمات المفتاحية**: الأحداث، الخدمة الاجتماعية ، الإصلاح الاحداث.

**Situation Of Services in The Field of Juvenile Care in Erbil Women and Children Correctional Directorate.**

**Hamad Khdhir Qadir**
Department of Social Work, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
hamad.qadir@su.edu.krd

**Omar Ibrahim Azeez**
Department of psychology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
omar.azeez@su.edu.Krd

**Abstract**

The study's goal is to portray the service situation in the field of juvenile care at Erbil's Women and Children Correctional Directorate, as seen through the eyes of juveniles, instructors, social and psychological researchers. This is a descriptive analytical research using mixed methodologies, including a detailed social survey and interviews. For social sciences, statistical software (SPSS) was employed. The Erbil Women and Children Correctional Directorate is the research community. Results: Males make up the majority of juveniles, and females are historically less likely to be sent to women's and children's penal institutions; the service situation in the field of juvenile care is favorable, according to adolescents, teachers, social and psychological researchers. The coordination between official and casual functions is excellent. It has been recommended to the Ministry of Labor and Social Affairs to enhance services. Suggestion; Conduct a comparable study, but make it more extensive and incorporate many additional facets of juvenile care.

**Keywords**: Juvenile, Social service, Juvenile Rehabilitation